# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

# لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی سایکس-پیکۆیەکی نوێدا

م.ی. چنور جەعفەر ئەحمەد

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان- کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت

زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی**

بەخوێندنەوەمان لەمێژووی سەدساڵی ڕابردووی،کاریگەرترین ڕێکەوتنامەی مێژووی و سیاسی لەئاستی جیهان بەگشتی وتایبەت دابەشکاری میسۆپۆتامیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا،لەناوەڕاستی ئەو جەنگە جیهانیە کە دەکەوێتەنێوان ساڵانی (١٩١٤-١٩١٨)ز وەهەریەک لەووڵاتانی بریتانیاو فڕنساو ئێران وئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی ودەوڵەتی ڕووس ...هتد تێدا بەشداربوون، بەجەنگی جیهانی یەکەم ناودەبرێت وەلەناوەڕاستی ئەو جەنگەدا ڕێکەوتنامەی سایکس-بیکۆی نهێنی لەبەرواری١٦-١٥-٥-١٩١٦ز لە نێوان بریتانیا وفرنسا و ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیا دێتەکایەوە.

لێرەدا توێژەربە پشت بەستن بەو نوسراو دۆکۆمێنتانەی بەردەست بوون، دەیەوێت چەند خاڵێکی گرنگی سایکس بیکۆی نێوان ووڵاتانی هاوپەیمانی جەنگ بۆ خوێنەربخاتە بەردەست.

سەرەتا دەمانەوێت بپرسین؟ ئایا کاتی ئەوەهاتووە دابەشکارییەکی نوێ لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بیتە ئاراوە؟ لە پێناو ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ میللەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست ؟وە ببێتە جێگرەوەی سایکس بیکۆی ساڵی ١٩١٦ز؟ وەیاخود هێشتا سایکس بیکۆی سەدەی بیست هەر بەردەوامەوکاریگەری هێزی سیاسی لە دەست نەداوە؟

ئەو ڕێکەوتنامەی کە بەسایکس بیکۆی١٩١٦زناسراوەلەمێژوودا لە نیوان بەریتانیاو فەرەنسا وە ڕووسیادا، ئایا تەنها بۆ دابەشکردنی خاکی کوردستانی گەورەبوو؟ وە یاخود پلانێکی لە مێژینەی ووڵاتانی بەشداربووی جەنگی جیهانی یەکەم بوو؟ وە یان پایەندبوونی پەیماننامەکانی بەریتانیا بوو بۆ عەرەبەکان لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆیان؟ یان کۆتا پێهێنانی ڕۆلی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکان بوو؟ سایکس-

بیكۆ بەچ دەقێكی یاسایی پاڵپشتی دەكرا؟ شۆڕشی بەلشەفیەكان لە١٩١٧ چ كاریگەرییەكی كردە سەر سایكس–بیكۆ؟

بۆ وەڵامی سەرجەم پرسەكانمان مێژووی قۆناغی ئەم رێكەتنامە دەخەینە بەر لێكۆڵینەوە:

ڕێكەوتنامەی سایكس–بیكۆی ساڵی ١٩١٦ز كە تەنها سەدەیەكی بەسەردا تێپەربووە، لە ئەمڕۆدا تێك دەشكێت لەڕووی هاوسەنگی هێزی سیاسی یەوە نەك جیۆگرافیەوە، كە ئەمەش دیاردەیەكی جێی بایەخە، چ لەلایەن لێكۆڵەرەوانی سیاسی بیانی یەوە، وە چ لە ڕوانگەی ئەو لێكۆڵینەوە مێژووی و سیاسیانەی كە ڕۆژانە لە لایەن دبلۆماتە سیاسیەكانەوە شیكاری بۆ سایكس–بیكۆ و جیۆ پۆلەتیكی ناوچەكەو دەركەوتنی هێزی سیاسی وسەربازی نوێی لە ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەكەن. تایبەت دوای ڕووخانی سەددامی دیكتاتور لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە، لە سەردەستی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی وە لە لایەكی ترەوە سەرهەلدانی شورش و ڕاپەرینەكانی وولاتانی عەرەبی بەوەی ناوی لێنرا (بەهاری عەرەبی) تا چەند توانران سەركەوتووبن لە گۆڕینی ڕژێمەكانیان لە خراپ بۆ باشتر وە بە پێچەوانەشەوە.جگە لە دەركەوتنی دوو هێزی سیاسی لە دوو ئایدۆلۆژیای تا ڕادەیەك دژ بەیەكی وەك ( شیعە وسوننە) كە هەر یەكەیان لە دوو جەمسەری جیاوازو بە پالپشتی هەریەك لە سعودیەو وولاتانی تری عەرەبی كەندا و لە بەرامبەر وولاتی ئێراندا،بە چاودێری وولاتانی هاوپەیمان و ڕووسیا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا. بە تایبەت دوای سەرهەڵدانی( دەوڵەتی ئیسلامی) ناسراو بە گرووپی تیرۆرستی داعش وایكردووە ،كە سەر لەنوێی نەخشەی سیاسی داڕشتنەوەی وولاتانی ڕوژهەلاتی ناوەڕاست ببێتە جێگەی لێدوان و نووسین و لێكۆلینەوەی ووردی سیاسیەتمەدارانی وولاتانی زلهێز بۆ گەلانی نێوئەم سنورە جیۆپۆلەتیكی یە .

ئەوەی كەمەبەستە لێرەدا دووبارە ڕۆلی گەلی كورد نابێت فەراموش بكرێت،تایبەت كە هێزی پێشمەرگەی كوردستان هاوشانی هێزە چەكدارە كوردییەكانی تری وەك ( یەپەژە، ەپەكە، ەكەكە) دژی گروپی تیرۆرستی داعش دەجەنگن.جەنگێك كە تەواوی وولاتانی زلهێزی گیرۆدەی سیاسەتە نادیارەكانی خۆی كردووە و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و تایبەت دووبارە سنورەكانی خاكی كوردستانی لەنێونەخشە سیاسیەكەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست كردۆتەوە ئامانج بۆ جێبەجێكردنی ئامانجەكانی.

لێرەدا توێژەر، دەیەوێت جەخت لەسەر چەند خالێكی مێژووی وەك سەرچاوەی دۆكۆمینتاری بە پشت بەستن بە ئەرشیفی ناشناڵ ئاركایف لە وولاتی بەریتانیا وەخوێندنەوەیەكی یاسایی و مێژووی و سیاسی بۆ سایكس–بیكۆ ئەنجام بدەین. بە پێی واقعی ئەمڕۆی ناوچەكە دەبێت ڕۆلی كورد چی بێت؟ لە گریمانەی دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەسیاسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا؟ هەرچەند بە خوێندنەوەی بەراوورد كاری نێوان سایكس بیكۆی ساڵی ١٩١٦ وە لەگەل نەخشە نوێیەكەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست كە داڕێژراوە تا ڕادەیەك بۆ كورد جێگەی دڵخۆشیە بە مەرجێك نێومالی نیشتمانی كورد یەك بخرێتەوە تا وەك هیزێكی یەكگرتووی پتەو لە چاویلكەی هیزە سیاسیە گەورەكانەوە دەربكەوین .

پێویستە خوێنەری کورد ئەو خاڵە یان لا ڕوون بێت کە سایکس بیکۆ، تاکە هۆکار نەبووە بۆ دابەشکردنی خاکی کورستانی گەورە ، وە لە کۆی ١٢ برگەی ڕێکەوتنامەکەدا نە ناوی کورد وە نە خاکی کوردستانی تێدا نەهاتووە . بەڵکو بەووڵاتی میسۆپۆتامیا ناوهاتووە . جگە لەوەی کە سایکس–بیکۆ درێژە پێدەری چەند ڕێکەوتنامەی پێشتری ووڵاتانی زلهێز بووە بە شێوازی نهێنی. کە بەلێنی دامەزراندنی دەوڵەتە لۆکاڵیە عەرەبیەکان بووە لە بەرامبەر ئەو خزمەتەی کە پێش کەش بە ئینگلزەکانیان کردووە لە ماوەی نێوان جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤–١٩١٨)ز. لە پێناو ڕزگار بوونیان لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتی عوسمانی کە بەرەو لەناوچوون دەچوو لە ناوچەکەدا.کورد لەم قۆناغەدا لە شێوەی هاوکارییە ڕەسمیەکاندا دەرناکەوێت بۆ بەرەی هاوپەیمانەکان.

کە بە بۆچوونی ئێمە ئەوە دەبێتە یەك لەو خاڵانەی کە کورد بۆتە ببەش بوونی لە سەربەخۆی و مانەوەی تا ئەمڕۆ لە سنوری چوار دەوڵەتی نەخشە سیاسیەکەی سایکس بیکۆی ١٩١٦دا.

خوێندنەوەیەکی کورت بۆمێژووی دابەشکارییەکانی خاکی کوردستانی گەورە بەر لە ڕێکەوتنامەی سایکس–بیکۆ ١٩١٦

لە ڕوونکردنەوەی ئەم چەند دێرەماندا بەبێ چوونە نێوقووڵای بابەتەکان وەبیری خوێنەری دەخەینەوە کە یەکەم دابەشکاری خاکی کوردستان بۆ میژووی دوور لە جەنگی چاڵدیرانی ١٥١٤ز دەست پێدەکات لە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی وەك عوسمانی و سەفەوییەکان، کە لێرەدا عوسمانیەکان بەشەگەورەکەی خاکی کوردستان بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن.بۆسەیرکرنی نەخشەی سیاسی چاڵدێران.

وە هەروەها ڕێکەوتنامەی قەسری شیرین کەلە١٧–٥– ١٦٣٩ز (Treaty of Zuhab) ناسراوە کە بە یەکەم خالی جیاکاری سنوری جوگرافی دادەنرێت لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانیەکاندا، وە تێدا زۆر قەڵاو ناوچەی کوردنشین وێران دەکرێت و یا خوود دوور لە دەستی بوژانەوەی ئەم دوو هێز بەجێ دەهێڵرێت[1].

خالێکی تر،پێویستە ئاماژە بەو ڕێکەوتنامەو پەیوەندییە هاوبەشانەی نێوان ولاتانی هاوپەیمانی پەیماننامەی سایکس–بیکۆ ١٩١٦ بدەین، ئەوانیش زۆر بە کورتی بریتی بوون لە:

یەکەم: Treaty of Bucharest کەلە ٢٨–٥–١٨١٢نێوان عوسمانی و ڕووسیادا بەسترا، کە بەهیچ جۆرێك ناوی ئێرانی تێدا نەهاتووە هەربۆیە ئێران هەستی دەکرد کە لەپشتەوە خەنجەری ژەهراوی لێ دراوە ، وە لە ڕێگەی سەفیرە بەریتانیەکانەوە ناڕەزایی خۆی گەیاندە بابی عالی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. بەڵام وەڵامی

1 The Iranian History Article: Iran/Ottomans sign Erzurum Treaty.
www.Founman.com or Treaty of Zuhab، World Heritage Encyclopedia/by: somel ، Selcuk Aksin، History Dictionary of the Ottoman Empire، Scarecrow press Inc. 2003،page 306. www.Gutenberg.us

**عوسمانیەکان ئەوە بوو کە کاتێك ئێرانیەکان لە جەنگدا بوون دژی ڕووسەکان، ئێران نەك پشتگیری نەکردوون بەڵکو پشتگیری ڕاپەرینی کوردەکانی کردووە لە وویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە دژی عوسمانیەکان.**[1]

**دووەم: ڕێکەوتنامەی ڕووسیاو ئێران ساڵی ١٨١٣ز کە بە پەیماننامەی (گوڵستان)**[2]**. ناسراوە کە بەپێی ئەم ڕێکەتنامەیە ئێران زۆر ناوچەی لە دەست دا بۆ ڕووسەکان وەك ناوچەکانی( تەفلیس، شیروان شەکی، دەربەندی باکو......) لە قۆناغەدا کە دەسەڵاتی کوردی لە دەست ئەمارەتی بابانەکان عبدوڕەحمان پاشایاندا بووە، تاڕادەیەکی زۆر لە بوژانەوەو ئاستی پێش کەوتن دا بووە، هەرچەندە لە ماوەی حوکمڕانی کردنیدا پێنج جار لەسەرتەختەکەی لادراوەو گەڕێنراوەتەوە شوێنی خۆی لە لایەن عوسمانی و ئێرانیەکانەوە، وە لە دوای خۆی کە مەحموود پاشای کوڕی دێتە سەر حوکمڕانی ساڵی ١٨١٣ز، بە سەردەمی داڕووخانی میرنشینی بابانەکان دادەنرێت.**

**سەبارەت بە دۆخی وولاتی (بلاد مابین النهرین) کە عێراقی ئەمڕۆ دەکات لەم قۆناغەدا لەلایەن مەمالیکەکانەوە حوکمی ناوچەکەیان کردووە، کە نە عەرەب وە نە کورد نەبوون واتە دانشتوانی ئەسڵی ناوچەکە نەبوون. هەربۆیە جارێك بۆسەر کوردەکان وە جارێك بۆسەر عەرەبەکان هێرشیان کردووە.**

**سێیەم: ناکۆکی گەورەی نێوان عوسمانی و ئێرانیەکان لەسەر ناوچە سنورییەکانی خاکی کوردستانی گەورە، بە دەست تێوەردانی ڕووسەکان وەك کارتێکی فشار خستنە سەرهەردوولایان ڕێکەوتنامەی سنور ئەرزرومی یەکەمی ساڵی ١٨٢٣ز** Treaty of Erzurum **لێکەوتەوە بۆ کۆتا هینانی شەرو ململانێکانی ئەم دوو دەوڵەتەتایبەت لەسەر ناوچە سنوری و زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان.**

**چوارەم: ڕێکەوتنامەی تورکمانچای ساڵی ١٨٢٧ز نێوان عوسمانی وئێرانیەکانمان هەیە کە لە دەر ئەنجامی گفتوگۆکانی ئەرزەرومی یەکەم هاتۆتە ئاراوە، تایبەت کە لیژنە چوارقۆلیەکەی کە پێك هاتبوو لە ئینگلیز،ئێرانی،تورك وە ڕووسێك بۆ دیاریکردنی هێڵە سنورییەکانی نێوان عوسمانی و ئێرانیەکان تایبەت ئەو هۆزو خێڵە کوردانەی کە دەکەوتنە نێوان ئەم سنورانەوەو هەرجارەو بە بیانووی جۆراوجۆر دەکەوتنە سەرسنوری یەك لەم دوو دەوڵەتە لە سنوری خاکی خۆیاندا کە کوردستانی ئەمڕۆیە.**

**پێنجەم: ڕێکەوتنامەی ئەرزەڕۆمی دووەم** [3] **کە لەمانگی ئایاری ساڵی ١٨٤٧زهەیە کە بە درێژکراوەی ڕیکەوتنامەکانی تری پێش خۆی دێت، وە لێرەدا بە ڕەسمی خاکی کوردستان لەنێوان عوسمانی و فارسەکاندا**

1 Roberts Andrew: Bucharest treaty of in Agosto، Gabor، Master degree، Burse، Encyclopaedia of the Ottoman Empire. Facts on File.2008.page 94.

2 Aleksander Świętochowski، Tadeusz، Eastern Europe، Russia and Central Asia، 2003، Taylor and Francis، 2003. ISBN 1857431375.P،104.

Or Fisher، William Bayne: Avery ،P;Hambly ،G،R،G Melville، C، 1991، The Cambridge History of Iran، Cambridge; Cambridge University Press.

3 Kara bell، Zachary: Erzurum Treaty of (1823)، Encyclopaedia of the modern Middle East and North Africa، 2004، www.Encyclopidia.com. Or

Taylor & Francis، Ltd : The Treaty of Erzurum (1823 and 1848) and the changing status of Iranians in the Ottoman Empire، Burse، Master Degree، Iranian studies، 1991، PP(3،15) Stable، URL/ www.Jstor.org ، P،13.

جیاکرایەوە بە چاودێری ڕووسیاو بریتانیا و هاتنە ناوەوەیان بۆ خاکی کوردستان و خاڵە سنورییەکانیان بۆ هەردوو دەوڵەت دیاریکرد، لە گرنگترین بەندەکانی کۆتاهێنانی دەست تێوەردانەکانی ئێرانیەکان بووکەبەڵێنی دا دەست لە کاروباری ناوخۆی سلێمانی وەرنەدات چیتر.لە بەرامبەریشدا عوسمانیەکان وازیان لە ئیمتیازاتەکانی خۆیان هێنا لە بەندەری موحەمرەو جزیرە ئەلخزر...هتد بۆ ئێرانیەکان. کە ئەرزوڕوم بەر لە سایکس-بیکۆ خاکی کوردستانی دابەش کردووە. وە ئەرزوروم توانی کۆتای بە حوکمی بنەماڵە خوجێیە کوردییەکان بهێنیت لەم قۆناغەدا کە دەکاتە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە.لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بەووردی لەبەندەکانی هەردوو ڕێکەوتنامەی ئەرزورۆمی یەکەم و دووەم ووردبینەوە، هەرچەند لەسەر ئەرزی واقعی کوردستانی گەورە بەستراون. بەڵام هیچ جۆرە خاڵێکی تایبەت باس لە ئەرك وماف کوردانی ئەم ناوچانە ناکات.سەرەرای ئەوەی کە بەپێی ئەرزورومی دووەمی ساڵی ١٨٤٧ز میرو دەسەڵاتە خۆجێیە کوردییەکان بواری مناوەبەی ئەم بەرو ئەوبەری دەسەڵاتەکانیان نەمابەتەواوەتی دابەشی دووبەرەبوون بە چاودێری ڕووس وبریتانیەکان کەسنورەکانی دەسەڵاتی عوسمانی و فارسەکانمان مەبەستە لێرەدا. نەحشەی سیاسی ناوچەکە بەپیێ ڕێکەتنامەکانی ئەرزوروم.

ئەو چەند دێرەی سەرەوە وەك خوێندنەوەیەکی مێژووی سیاسی بوو بۆ بارودۆخی کوردستان لە ڕووی هەرێمایەتی ئەو هێزە لۆکاڵیانەی کەبەر لە هاتنە ناوەوەی ڕاستەوخۆی بەریتانیاو فەرەنسا وڕووسیا باڵا دەست بوون لە خاکی کوردستاندا.هاتنە ناوەوەی هێزە ئیمپریالیزمەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سنوری کوردستانی گەورەیان بە سایکس-بیکۆ جیاکردەوە تا خزمەتی بەرژەوەندییە ئیستعمارانەکانی خۆیانیان پیێ بکەن. وە جگە لەم هۆکارە هیچ بیانوویەکی تر نابێتە پاساوی ئەو دابەشکارییە مێژووییەی کە ئەنجامیان داوە.

هەروەك گەورە سیاسەتمەداری ئامریکای (نوام چۆمسکی)i کە دەڵێت:(جگە لە هۆکاری بەرژەوەندی ئیستعماری هیچ هۆکاری تر نابێتە پاساوی سنور دانان و هاتنەکایەی سایکس بیکۆی ١٩١٦ز، هەر ئەمەشە کە ئێمە لە دنیادا دەبینین زۆر ئەستەمە سنورێك بدۆزرێتەوە،بچوکترین بیانووی لۆژیکی هەبێت،تەنانەت بە سنووری مەکسیك و وویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە، چونکە ئەو سنورانە بوونەتە هۆی بەکارهێنانی توندوتیژی ، وەبەکارهێنانی هێز لە دژی یەکتری لە نێوان نەتەوەکانی نێوان ئەو سنورنەدا.وە ئەو سنورانەش ئیمپریالین و هیچ پەیوەندی بە گەلەکانەوەنیە، ئەو سنورانە ڕایەڵەی گروپە مرۆییەکانی پچڕاندووە و بۆ نموونە یەك لەو سنورانەی کە زۆرترین کێشەی لەسەرە سنورەکانی نێوان ئەفغانستان و پاکستانە کە پشتێنەکانی ئەو دوو وڵاتەی لە یەکتر جیاکردۆتەوەو هیچ حکوومەتێکی ئەفغانیش پێی ڕازی نەبووە.بەڵام هەموو ئەمانە بە دەستی ئیمپریالیزم سەپێنراون، هەربۆیە ئامرازەکانیان دەبێت بە دەستی خۆمان بدۆزینەوە).[1]

ڕێکەوتنامەکانی پێش سایکس-بیکۆی ساڵی١٩١٦ز نێوان هاوپەیمانەکان؟

1 Www.Al-akhbar.com، July، 2013، Saturday، No 2029، Interview with Chomsky.

**ئایا سایکس–بیکۆ ڕێکەوتنامەیەکی یاسایی نیودەوڵەتی دان پێدا نراوە؟لایەنە بەشداربووەکانی ئەم ڕێکەتنامە چ بنەمایەکی یاساییان کردە هێزی چەسپاندنی بڕگەو ئەونەخشە سیاسی یەی کە بۆ ڕوژهەلاتی ناوەڕاست جێ بە جێ یانکرد؟**

**بەرلەوەلامدانەوەی هەریەك لەم پرسانەی سەرەوە، دەمانەوێت ئاماژەیەکی کورت وپوخت بە ئەو ڕێکەتنامە نێودەوڵەتییانەی هاوپەیمانەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بدەین.بەپێی ئەو سەرچاوە دۆکۆمێنتییانەی ئەمڕۆ لەبەردەستن. تا بزانین سایکس–بیکۆ بەر لە ئەنجامدانی چەندین قۆناغی جیاوازی بڕیوە، یەك لەوانە بوونی ئەم ڕێکەوتنامە پێشوەختانەیە کە ئەمانەن:**

**یەکەم: ڕێکەوتنامەی سەربازی فەرنسی –ڕووسی** (Franco-Russian Military Convention) **ئەم ڕێکەوتتنامەیە کە لە بەرواری ١٨ی ئابی ١٨٩٢ئیمزاکراوە،**[1] **بەڵام ئاشکرا نەکراوە تاساڵی ١٩١٨زهۆکاری بەستنی ئەم ڕێکەوتنامە نهێنی یەی نێوان ڕووسیاو فرنسا بوو بەهێزی توانا سەربازییەکانی هەردوولابووە لەلایەك و هاتنە ناوەوەی بریتانیاش لەلایەکی ترەوە، کە دواتر بە ڕێکەوتنامەی سێ لایەنە ناسراوە، ئەم ڕێکەوتنامە لەدوای کۆتا هاتنی دووساڵی ڕێکەوتنامەی ڕووسیاو ئەڵمانیا واژووکراوە.کە لەم کاتەدا بەرەی دەسەڵاتی ناوەند کەبریتی بوون لە وولاتانی (ئەڵمانیا،هەنگاریا،نەمسا،ئیتالیا )لەبەرامبەر سێ هاوپەیمانیەکەی ڕووسیا وبریتانیا وە فرنسادا دژیەك وەستاونەتەوە،لەبەرئەوەی دەسەلاتدارانی هێزی ناوەند هەکات بیانوویستایە ئەوا هێرشیان دەکردە سەر بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا. هەربۆیە ڕووسیاش هاوپەیمانیەتی ئەو دوولایەنەی تری هەڵبژارد.خواستی ئەم ڕێکەوتنامە تەنهابەردەوامی ئاشتی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرسێ لایەن بوولەبەرامبەر دەسەلاتدارانی هێزی ناوەند کە بریتی بوون لەو وولاتانەی کە باسمانکردن وە ڕێکەوتنامەکە لە حەوت بەندی تایبەت بەم سێ وولاتە پێك هاتبوو. کە هەر بەندەی خزمەتی سێ لایەنەکەبوو.**

**دووەم: ڕێکەوتنامەی ئەنگلۆ–ڕووسی** (Anglo-Russian Entente) **ئەم ڕێکەوتنامەیە، لەدوای ڕێکەوتنامەی فەرنسی وبریتانی ساڵی ١٩٠٤ز کە بە ڕێکەوتنامەی (فڕانکۆ) ناسرابوو هاتە ئاراوە. پاش ئەوەی کە ڕووسیاو ئینگلیزیش بوونە هاوپەیمانی یەکتر دژی دەسەلاتی ناوەندی کە (ئەڵمانیا،نەمسا،هەنگاریا وە ئیتالیا)ی دەگرتەوە.** [2]

**ئامانجی ئەم ڕێکەوتنامەیان پاراستن و مانەوەی خاکی وولاتی فارس بوو بە سەربەخۆی، وە بەوپەڕی دڵسۆزی یەوە ئەم خواستەیان دەپاراست لەبەرقەراربوونی ئاشتی بەردەوام بۆ ناوچەکە بۆبەدەست هێنانی بازرگانی وپیشەسازیان بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ وولاتی فارس دا.کەمەبەست لێی تەنها پاراستنی ئەو بەژەوەندییە تایبەتانەی خۆیان بوو، وە پاراستنی سنورەکانی ڕووسیا کە هاوسنووری ئەفغانستان و بلوجستان**

1 Www.avalo.law.yale.edu Primary Documents; Franco-Russian Military Convention، Documentary in Law، History and Diplomacy 18 August 1892.

2 Great Britain، parliamentary papers، London، 1908، V0lCXXV، Cmd.3750.

بوولەمەترسیە ناوخۆی و دەرەکیەکان . ئەم ڕێکەوتنامە کەلە پێنج بەند پێك هاتووە سەرجەمیان پاراستنی سنوری ئێران و بەرژەوەندی هاوبەشی ئەو وولاتانە بوو کە باسکران.

**سێ یەم:** ڕێکەوتنامەی لندن ساڵی ١٩١٥ز ئەم ڕێکەوتنامەی کەلە بەرواری ٢٦ی نیسانی ١٩١٥ز لە نێوان هەرسێ وولاتی هاوپەیمانی بریتانیا فرنسا ڕووسیادا مۆرکرا [1]، زۆر خۆشحاڵ بوون بە ڕاکێشانی وولاتی ئیتالیا بەلای خۆیاندا.کە مەبەستیان لێی دەست کەتی هێزی پشتیوانی زیاتر بوو بۆ ئەو جەنگە جیهانیەی کە هاوپەیمانەکانی تێدابوو، مەرجی ئیتالیا بۆ هاوپەیمانەکان لەئەگەری سەرکەوتنی جەنگەکەدا پێدانی بەشێکی فراوانی ناوچە براوەکانی جەنگ بوو، تایبەت ناوچەکانی Trent،Southern Tyrol، Istri، Gorizia &Dalmatia هەرچەندە هاوپەیمانەکان بە داواکەی ئیتالیا ڕازی بوون، بەلام ئەم داوایەی ئیتالیا کێشەی نایەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس تایبەت کە ناوچەی یەگسلافیای لەگەڵ بوو ئەم ناوچەیە لەژێر دەسەلاتی نەمساو هەنگاریادا بوو. ئیتالیا دەیویست بۆ دیاریکردنەوەی سنوورەکان جارێکی تر ڕیکەوتن لەگەڵ دوو هاوجەنگیەکەی خۆی بکات کەSerbia & Montenegro بوون. ئیتالیا ڕێگەی نەدا بە هەر نوێنەرێك دانیشتنی لەگەڵ بکات کە پەیوەندی بە Versailles هەبوو،چونکە ئەو ڕێکەوتنامە بە بۆچونی ئیتالیا خزمەتی دوژمنی ئیتالیای دەکرد کە ئەوانیش نەمسا وهەنگاریابوون. بەلام کۆتا لەژێرگوشاری سەرۆکی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا Woodrow Wilson ناچار ئیتالیا ڕازی بوو بۆچوونە نێو ڕێکەوتنامەکەو ناوچەکانی Trentino& Trieste کەبەزمانی ئالمانی قسەیان دەکرد بە ڕەهای درایە دەست. بەلام ناوچەکانیDalmatia& Fiume وە ئەوموستەعمەرانەی کە لە ئەفریقاو ئاسیا داگیری کردبوون درایەوە بە ئیتالیا بەلام ئەلبانیایان لێ هێنایە دەرەوە.ئەم ڕیکەوتنامەیە کەلە ١٦بەند پێك هاتووە بەقۆناغێکی زۆر گرنگی پێش سایکس-بیکۆ سەیر دەکرێت. بە تایبەتی کە ئەرك وماڤ سەرجەم وولاتانی هێزی هاوپەیمانی تێدا ڕوون کراوەتەوە.

ئەم ڕێکەوتنامانەی سەرەوە کە پوختەیەکیان خراوەتە ڕوو لە دۆکۆمێنتەکانی بریتانیادا. بە قۆناغێکی گرنگی ڕێکەوتنامە نهێنی یەکەی سایکس-بیکۆ و خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی و جیۆپۆلەتیکی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دادەنرێت.

هەربۆیە سەرەتا پێویستە ئەوە بزانرێت کە ڕێکەتنامە نهێنی یەکەی سایکس بیکۆی نێوان هەردوو دبلۆماتکاری فەرنسی جۆرج بیکۆت iiFrancois Marie Denis Georges-Picot وە مارك سایکس ی iiiMark Sykes بریتانی کە لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩١٦ز بە ئیمزاکردنی نێوان هەردوولایان تایبەت بۆ کۆتا هێنانی دەسەلاتی عوسمانیەکان لە کۆتایی سالانی ١٩٠٨ز کە لەلایەن وولاتانی ئەوروپاوە نازناوی پیاوە نەخۆشەکەیان بەسەردا بڕیبوولەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دامرکانەوەی ئەو شەڕو ململانێ شۆڕش و ڕاپەڕینانەی

1 Great Britain، Parliamentary Papers، London، 1920، LI Cmd.671، Miscellaneous No.7،2-7. Www.firstworldwar.com a multimedia history of world war one.

کەلەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی وەك تورك،عەرەب،کورد وەئەرمەنەکانی ناوچەکاندابوونی هەبوو،ئیمزا کرا.[1] لەپاڵ خوێندنەوەی تەواویان بۆ خزمەت و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.وە لەلایەکی ترەوە سایکس–بیکۆ درێژکراوەی چەند ڕێکەوتنامەی تری نهێنی وئاشکرای نێوان ئەم هێزانەیە کە بەکورتی خوێندنەوەیان بۆدەکەین.

سایکس–بیکۆ هۆکارێك بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی.سوریا،لوبنان وبەشێکی خاکی عوسمانیەکان بۆ وڵاتی فرنسا. هەروەها فلستین،ئوردن بەشێکی زۆرلە خاکی وڵاتانی ئەمڕۆی عەرەبی بە وویلایەتی بەغدادی میسۆپۆتامیاوە بۆ وولاتی بریتانیابوو، بەڵام بەشە عەرەبیەکەی خاکی فلستین بەناوی International Administration)) دەبرا بەڕیوە.[2]

بەریتانیەکان بەپێی سایکس بیکۆئەو ناوچانەیان پێدرابوو کەلەکەرتی کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستەوە نزیك بوو پاشان بە بە ڕووباری ئوردن دا تێ پەڕدەبوو بۆ ناو باکووری عێراق وە تا سنوری دەوڵەتی فارس لە ڕۆژهەلاتی دەوڵەتی عێراقی ئەمڕۆ وە بەشێکی حەیفای فلستینی دەگرتەوە،تا ئەو سنورەی کە بریتانەکان دەسەڵاتیان پێی دەگەشتە دەریای ناوەڕاست بۆ وولاتی بریتانیابوو.

ناوچەی دەسەلاتی وولاتی فرنسا کە بە شینی تۆخ ناسێنراوە لە سایکس بیکۆدا،سنورەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیا باکووری عێراق و سوریاوەلوبنانی دەگرتەوە واتە زۆنی A کە شوێنی کاریگەربوون بۆ فەرنسی یەکان. بریتانیا کە سنورەکانی بە ڕەنگی سووری تۆخ ناسێنرابوو، وە وویلایەتەکانی بەسرە،بەغداد وەکوەیت ئەمناوڕانەی ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەلاتی دا بوون.لە دوای ئەم ناوچانە باسکران چەند ناوچەیەکی تر هەبوون کە پێیان دەووترا زۆنی کاریگەر واتە British Influence.[3] لە چوارچێوەی سایکس–بیکۆدا کە ئەمانە بە ناوچەی ڕەنگی سووری کاڵ یاخود B ناسێنرابوون کە بریتی بوون لە ناوچەکانی وەك ئوردن،ئەنبار،دیالە،سامەراو وە ناسریەی دەگرتەوە.

سەبارەت بە پشتێنە ئەمنیەکەی فڕنسا کە بەڕەنگی شینی کاڵ ناسێنراوە واتە زۆنی A ناودەبرا زۆنی کاریگەری فەرنسی یەکان بوو،کە ناوچەکانی موسڵ،حەلەب وە دیمەشقی لە سووریا پێك دەهێنا.هەربۆیە ئەگەر بە ووردی سەیری نەخشە سیاسی یەکەی سایکس بیکۆی ١٩١٦ بکەین زۆر بە ڕوونی ناوچە ستراتیژی وبەرژەوەندییە باڵکانی هەریەك لە بریتانیاوفرنسا لەسەر نەخشەکە دیاریکراوەو پشتینە ئەمنیەکانی هەریەکەیان خاڵی جیاکەرەوەی دەسەلاتیان لە ڕووی ئازادییە باڵاکانیان لەو ناوچانەدا بەدی دەکرێت.هەرچی سەبارەت بە ڕۆڵی ڕووسیاشە لەم ڕێکەوتنامە نهێنی یەدا،هاوتەریب لەگەڵ بریتانیاو فرنسا بە

---

1 Fromkin، David، A peace to end all peace; the fall of Ottoman Empire and the Creation of the modern Middle East. New York، 1989، PP، 286-288.

2 Peter Mansfield، British Empire Magazine، Time-Life Books، No70، P، 2078.

3 http; Www.Law.fsu.edu Library /collection/ Limitsinseas/pdf، P،8. Or Peter Mansfield، The British Empire Magazine، No 75، Time Life Book، 1973.

چاونوقانەوە،ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسی کە پێناسەی دیاری هەردوو وولاتی سەرەوەی تیدا لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیادا دیاریکرابوو ئیمزاکرد.چونکە گومانی ئەوە هاتبووە پێش کە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی نزیك بۆتەوە لە ڕووخاندن وە ناوچە عەرەب نشینەکان بەشێوازێکی کاریگەییانە دەبێت بکەوێتە دەست هاوپەیمانانی جەنگ بە واتایەکی تر ناوچەکانی میسۆپۆتامیاو شام یان دابەشکرد. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕووسیای قەیسەری سازانۆف *هەرچەند لایەنێکی بەشداربووی ئەم ڕێکەوتنامەیە بوو، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمینە بوو وە لەگەڵ دەرکەوتنی شۆرشی بەلشەفیەکان لە ساڵی ١٩١٧زلەلایەن پارتی کۆمۆنیستەکان بەسەرۆکایەتی Lenin Vladimir کەسەرپەرشتی شۆرشەکەی دەکرد لەم وولاتەدا،هاتنە دەرەوەی ڕێکەتنامەکە،[1] چونکە لەگەڵ بنەماکانی شۆرشەکەیاندا دژ یەك دەوەستایەوە کە بانگەشەی ئازادیان بۆ گەلانی ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکان دەکرد تایبەت کورد وئەرمەنەکان کەمافەنیشتمانیەکانیان لەسنوری ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی پیشێلکرابوو،پاشەکشەکردنی ڕووسەکان لەسایکس-بیکۆ بووە مایەی ئیحراج بوونی بریتانیەکان واتە Expose، وە هەروەها ئاشکراکردنی ڕێکەوتنامەکە لەسەر دەستی ڕووسە بەلشەفیەکان لەلایەکی ترەوە بووە جێگەی خۆشحاڵی تورکەکان کە ڕووی ڕاستی ئیمپریالیزمی یان بۆ دەرکەوت، بەڵام بۆ عەرەبەکان ئاشکراکردنی ڕێکەوتنامەی سایکس-بیکۆ جێگەی نیگەرانیان بوو.وەك ئەووتریت چەقۆیان لەسەر مل دانرابوو لەلایەن وولاتانی زلهێزەوە،چونکە لەنهێنی ئەم ڕێکەوتنامە بەشداربوون ئەویش لەڕێگەی نامەگۆڕینەوەکانی حوسێن کوری عەلی مەلیکی مەککەو هێنری مەکماهۆن* دبلۆماتی ئینگلیزەوە کەلێرەدا تیشك دەخەینە سەر ڕۆلی ئەو نامانەش کە بە بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتەعەرەبییەکان و دابەشکردنی خاکی کوردستان دێت لە ڕابردوودا.

دامەزراندنی دەوڵەتە عەرەبیەکان بە دەوڵەتی عێراقی ئەمڕۆشەوە دەرهاویشتەی ڕێکەوتنامەو نامە ئاڵوگۆڕینەوەکانی نێوان مەلیك حوسێنی مەککەو هێنری مەکماهۆنی ئینگلیزبوون کە لە ساڵی ١٩١٥ چەند نامەیەکی ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا ڕوویداوە. [2] سەبارەت بە نەخشە جوگرافیە دابەشکاری سایکس-بیکۆ.

**ڕێکەوتنامەی سایکس-بیکۆ لە نێوان بنەمایاسایی یە نێودەوڵەتیەکاندا**

پێناسەیەکی یاسایی نیودەوڵەتی بۆ ڕێکەوتنامەی سایکس-بیکۆ بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان،ئەوەیەکە سایکس بیکۆ،ناچێتە چوارچێوەی قاڵبێکی یاساییەوە.تەنها لەسنووری بیرۆکەدا مابووە، چونکە ناوچەکان لە جەنگێکی گەورەی جیهانیدا بوون، وە ژمارەی دەوڵەتانیش کەم بوون کە تەنها دووبەرە بوونی هەبوو ئەوانیش بەرەی زلهێزەکان وە ئەو بەرەیەی کە پاشماوەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیەکان بوون. هەربۆیە ڕووسیاو فرنساو بریتانیا کە هاتنە ئەوناوچانەی کەباسمانکردن سیستەمی ئینتداب Mandate یان چەسپاند بەسەریاندا نەك ئیستعمار Colonization. چونکە لەنێوان ئیستعمارو ئینتداب دا جیاوازی هەیە کە ئەوانیش بریتین لە:

1 Text of the Sykes-picot Agreement at the ww1 Document Archive، Ww1.lib.bu.edu/index .phs / Sykes- picot-Agreement.
2 CAB 24/271 Cabinet Paper 203 (37).

ئیستعمار هەموو سەروەت وسامانی سروشتی وولاتەکەی کە داگیری دەکرد دەبرد بۆخۆی، وەك هیندستان، بەنگلادیش، پاکستان وە بۆرما کەبریتانیا ئەنجامیدا، وە مالیزیا،استرالیا ئەفریقاش.نایجیریا وە ئەفریقای باشوور کە دەیویست بۆ هەتاهەتایە تێیاندا بمێنێتەوە،وە لەو ڕوانگەیەوە دەوری باوکی ئەبینی.بە واتای ئەوەی یاسای خۆی لەو وولاتانەدا دەچەسپاند،هەربۆیە پێیان ئەوترا Common Law زائیدەن بە لەبەرچاوگرتنی عورف داخلی ناوخۆی ئەو وولاتەی کە یاساکانیان بەسەردا دەچەسپاندن، تایبەت بە ڕەچاوکردنی یاساکانی باری کەسێتی و خێزانی بۆ موسوڵمانەکان.[1] بۆ نموونە: وەك وولاتی مالیزیا کە مۆنۆپۆلی ئینگلیزبوو بەلام ڕێز بنەماکانی ئیسلامیان پاراستووە لە دەرکردنی یاساکانی زەواج وباقی بوارەکانی کەسێتی دا. وە هەروەها ئیستعمار بۆ دەوڵەتێکدا یان نەتەوەیەك دەچوو داگیری دەکردوو دەیبرد بۆخۆی کە کۆمەڵگەیەکی دواکەتووی تێدابێت وە هیچ سیفاتێکی دەوڵەت بوونی تێدا نەبێت هەروەك: نیوزلەنداو وە ئوسترالیا کە بەریتانیا کردی لە مێژوودا.

لێرەداپێویستەبپرسین؟ ئایا بۆچی سیستەمی ئیستعماری تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم واتە ساڵی ١٩١٨ز بەردەوام بوو؟کەلێرەدا توێژەر هۆکارەکەی بۆ دوو خاڵی سەرەکی بە پشت بەستن بەسەرچاوەکان دەگەڕێنینەوە کە ئەوانیش:

**یەکەم. چونکە تا ئەو کاتە وولات نەما داگیرنەکرابێت.**

دووەم. شۆرشی گەلان لە دژیان لە زیادبووندابوو، بەهۆی بووژاندنەوەی سەرهەڵدانی بیرە نەتەوەییەکانی وەك بڵاوبوونەوەی بیری مارکسیزم و ...هتد. دواتر لە ناوخۆشدا تووشی ڕووبەڕووبوونەوە بوونەوە.وە سەبارەت بەسیستەمی ئینتداب کە خاکی کوردستان بەپێی سایکس–بیکۆ دەکەوتە ژێرئەو کاتیگۆری یەوە،ئەم سیستەمەکە یەکەمجار بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست جێبەجێ کرا. وە تەنها بۆ ئەو گەلانەبوون کە پاشماوەی دەوڵەتێکی ڕووخاوی زلهێزبوون بۆ نموونە گەلی کورد وە عەرەبەکان کە لەدوای لەناوچوونی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لەلایەن بریتانیەکانەوە سیستەمی ئینتداب یان بەسەردا سەپێنرا.وەکاتێ بریتانیەکان ڕوویان لە جزیرەی عەرەبی کرد، عەشائیرە عەرەبیەکان ڕازی نەبوون بەم سیستەمە، بەڵام کاتێك بریتانیا بەڵێنی بە دەوڵەت بوون و ڕزگاربونیانی پێدان لەدەسەڵتی تورکە عوسمانیەکان بۆچوونیان بەرامبەر دەوڵەتی بریتانیا گۆڕدرا.[2]

لەگەڵ ئەوەشدا بریتانیا یاساکانی خۆی نەهێنایە ناوەوەی ئەو ناوچانەی دەستی بەسەردا گرتبوون. تەنانەت سەرۆکەکەشی لە میللەتی ئینگلیز نەبوو،نموونەش: کاتێك مەلیك فەیسەڵی بۆ عێراق دانا سەربە ئالی بەیتی عەرەبی بوون. وە تەنها لە بواری عەسکەری و سەربازییەوە هاوکاری دەکردن. ئەمەش بۆ ئەوەی کە خۆی بەدوور بگرێت لە ڕووبەڕوو بوونەوەی عەشائیرە ناوخۆییەکانی ئەو میللەتانەوە لەلایەك وە لەلایەکی تریشەوە

1 Foreign Relations of the United States، 1918. Supplement1، The world war، volume1، part Z، the continuation and conclusion of the war Participation of the United states P، 243.

2 Allen by and British strategy in the Middle East، 1917-1919،Matthew Hughes، Taylor and Francis ،1999-ISBN،P،122-124، Www.books.google.com/books.

سەربازی خۆی نەدەکردە قوربانی ئەو ناوچانە تا چ لەئاستی ناوخۆ یاخود دەرەوە تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕەزایەتی نەبێتەوە.

ئەو دەقە یاساییانەی کە بۆ هەردوو سیستەمی ئیستعمارو ئینتداب لەدەرئەنجامی هەردوو کۆنگرەی ئاشتی پاریس سالّی ١٩١٩ز وە گۆنگرەی سانریمۆی ١٩٢٣ز تایبەت دوای ئەوەی لەسالّی ١٩٢٠ز کۆمەڵەی نەتەوەکان League of Nations دروست بوو. وولاّتە زلهێزەکان لەوە گەیشتن کە لە نێوان خۆیاندا یاساکانی پەیوەندییە سیاسی ودبلۆماسی وسەربازی وئابووری وە کۆمەلاّیەتیەکان ڕێك بخەن لەسەر دوو تەوەرە:

یەکەمیان دیاریکردنی مافەکانیان.

دوەمیان. دیاریکردنی ئەرکەکانیان. بەواتای هەموو دەوڵەتێك چەند ئەرکی دەبێت بۆ دەوڵەتێکی تر کە داگیری دەکات، ئەوەندەش مافی دەبێت لەو دەوڵەتەدا. بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چوار سالّ لە ١٩٢٠ واتە دەکاتە ١٩١٦ز کاتی سایکس بیکۆ. کە دەکاتە ناوەڕاستی جەنگی جیهانی یەکەم لێرەدا بە پێی ئەم برگانەی سەرەوە کەباسمانکرد یاسای نێودەوڵەتی وەك بوون، بوونی هەبووە بەلاّم بەرجەستە نەکرابوو، بەڵکو هەر قوتابخانەیەکی فکری بووە؟ بە واتایی ئەو ڕێکەوتنامانەی کە هەبوون لەسنووری پێویستی جیۆپۆلەتیکی بوون وە لەسەر بنەمای عورفی دەولی بوون.

کەواتە بەپێی ئەم بنەمایە ڕێکەوتنامەی سایکس-بیکۆ ١٩١٦ ز لەسەربنەمای عورفی دەولی بووە، هەربۆیەش سەرکەوتووبووە، بەلاّم ئەگەر ئەو چوارسالّە تێپەڕ بووایەو سایکس-بیکۆ نەبووایە لە ئارادا. ئەوا هەرگیز وەك ڕێکەوتنامە دروست نەدەبوو. ئەگەر دواکەوتایە بۆ سالّی ١٩٢٠؟ بۆچی؟ نموونە؟ لەبەرئەوەی دوای ئەو چوارسالّە یاسایی نێودەوڵەتی بەرجەستەتر دەبوو، وە کۆمەڵەی نەتەوەکان درووست دەبوو، گریمانەی ئەوە دەکرا کە ئەو کاتە نەخشەی سیاسی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بە شێوازێکی تر دروست دەبوو. [1]

کەواتە سایکس-بیکۆ ئامانجی بەڕێوەبردنی ئەو نەتەوانەبوون کە لەژێر دەسەلاّتی عوسمانیەکان ڕزگاربووبن بۆ ماوەیەکی کاتی، بەلاّم کاتێك هاوپەیمانەکان هاوکاربوون لە درووست کردنی دەوڵەت نەتەوەکان لە سالّی ١٩٢٠ز بە دواوە، کە هاوکات بوو لەگەلّ درووست بوونی کۆمەڵەی نەتەوەکان. سایکس-بیکۆ بووە ئەمری واقیع و ئەو وولاّتانەش بوونە دەوڵەتی سەربەخۆ و لەسەرو هەمووشیانەوە تورکیا دانی پێدانان لە کۆنگرەی پاریس سالّی ١٩١٩ز کە لە فەرەنسا بەسترا.

کۆتا خالّ کەلێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پیّ بدەم لەڕووی یاساییەکەوەی بەریتانیا ئەگەر بەزارەکیش بووبێت توانی لەڕیگەی گۆرینەوەی زانیارییەکانی بۆ وولاّتانی (ئیتالیا، ڕووسیا، یابان)کە هێزی واقعی وسەربازی ئەم قۆناغەبوون، بەریتانیا توانی بەشدارییان پیّ بکات کە شەرعیەت بوونی سایکس-بیکۆ بسەلمێنن، چونکە هەریەك لەم وولاّتانە ئیمپڕاتۆریەتێکی بەهێزبوون وە لەم کارەیدا بریتانیا سەرکەوتووبووە.واتە ڕەزامەندی ئەو وولاّتانەشی مسۆگەر کردووە بۆ سایکس بیکۆ.

---

1 Ibid.

**بەڵێنە دژ یەکەکانی نێو ئەم ڕێکەتنامەیە (Conflicting Promises)**

**لۆرد کیرزن دەڵێت: زلهێزەکان هەموویان پابەندی ڕێکەوتنەکانی خۆیانن لەسەرخاکی لوبنان کە لەمانگی پێنجی ساڵی ١٨٦١واژوویان لەسەرکردووە. وە لە مانگی نۆی ساڵی ١٨٦٤ز دا ئەو مافە بە فڕنسا دراوە کە لوبنانی بخرێتە ژێر دەسەلأتەوە، واتە بخرێتە ژێر ڕکێفی زۆنی شینەوەکە لە پەیماننامەکەدا دەرکەوتووە.بەلأم ئەم ڕێکەوتنە هاوشێوەی ئەو خاڵە نیە کە لە سایکس–بیکۆ بە تەواوەتی ڕەنگی دابێتەوە.** [1]

**وە لە مانگی پێنجی ١٩١٧زدا Ormsby-Gore نووسیویەتی:نیەتی فەڕەنسالە سووریا بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ئامانجە جەنگی یەکەیدا نەبووە.وە دەرئەنجام ئەو ناوچانەی پێنەدراوە کە فڕنساپێشترباسی لێوە کردوون.بۆنموونە : ئەگەر مافی چارەی خۆنووسینی گەلان لەلایەن( کۆمەڵەی نەتەوەکان)ەوە ئامانجی سەرەکی بێت، ئەوا دەست تێوەردانی فڕنسا لەو مەبدەئانەی ئەوگەلانەی دەیانەوێت حکوومەت بۆ خۆیان درووست بکەن کارێکی ناڕەوایە کە لەگەڵ ئامانجەکانی فڕنسی یەکان یەکناگرێتەوە، بە تایبەت ئەو ناوچانەی کە عەرەب نشین بوون واتە زۆنی A کە موسڵ،حەلەب وە دیمەشق دەگرێتەوە، وە ئەم دەست تێوەردانە لەگەڵ پرنسیپەکانی فڕنسا یەکی نەدەگرتەوە. کە ئیدعای مافی چارەی خۆنووسینی بۆ گەلان دەکرد.**

**سەبارەت بە ڕۆڵی بریتانیەکان، لە نامەیەکدا کەبۆ شەریف حوسێنی مەککەیان ناردووە بەر لە ڕێکەوتنامەکەی حوسێن مەکماهۆن،کە تێدا نوسراوە (گومانمان هەیە لەو داواکارییانەی کە کردوومانەوە بۆ مەلیك حوسێن، وەك سەرۆکێکی نەتەوەی عەرەبی، وە گومانمان لەوە هەیە کە فەڕەنسا دەوڵەتێکی نەتەوەی عەرەبی سوری دروست بکات، بەلأم ئەگەر وابێت ئەوا ئێمەش باکووری میسۆپۆتامیا ئەکەین بە تونسێکی تر) هەربۆیە بریتانیەکان پێیان وابوو، ئەگەر دڵسۆزی خۆیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی لە فڕنسی یەکان بە کەمتر نیشان بدەن، ئەوا لەوە دڵنیادەبن کەفڕنسی یەکان ئەو دەوڵەتە عەرەبیە هەر درووست دەکەن.** [2]

**بۆیە بریتانیەکان هەرچی هەوڵ بوودایان تا ئەو دەوڵەتە عەرەبیە لەسەر دەستی خۆیان درووست بکەن و ئەو ئامانجەی عەرەبەکان بهێننەدی.**

**بریتانیەکان دووبارە دەڵێن (کاتی ئەوە هاتووە دان بە حوکمەتی فەرنسی دا بنێین وە بریتانیەکان پەیماننامەیەکی تەواو بدەن بە مەلیك حوسێن کە ئەو پرۆپۆسالەی مەلیك قبوڵ بکەن و ببێتە مەلیك لە دیمەشق و سووریادا کە دەبێتە پایتەختی یەکێك لە وولأتانی عەرەبی، وە داوا لە تەواوی ئومەرا عەرەبیەکان بکەن کە پشتگیری و بەیعەت بدەن بە مەلیك حوسێن).** [3]

**کەلێرەدا دوو بۆ چوونی جیاوازمان بۆ دەردەکەوێت:**

**یەکەمیان. ئەوەی کە دەڵێت: کە مەلیك حوسێن ببیٚ بە حاکمی دیمەشق وەئەوکاتە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی عەرەبی و لەدەسەلأتی دا هەبێت کە سەرجەم ئەمارەتە عەرەبیەکانی تر بخرێتە ژێر دەسەلأتیەوە.**

1 Ibid.
2 See UK National Archives CAB/24/143، Eastern Report، NoXV111، May31، 1917.
3 See CAB 24/27، Cabinet paper 203(37).

دووەم.بۆچوون ئەوەیە کەکەلە نامەکەی حوسێن مەکماهۆن لە نێوان ساڵانی (١٩١٥-١٩١٦) باسی ئەو خاڵەی سەرەوە نەکراوە بەڵکو باسی پلانی سایکس–بیکۆ کراوە، کە گوایە بریتانیا و فڕنسا ئامادەن دان بنێنن بە دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەبی یان کۆنفیدڕاڵی کۆمەڵە دەوڵەتێکی عەرەبی کەدەکەونە زۆنی (B،A) کە ڕەنگی شین کاڵ وە پەمەییەکە دەگریتەوە [1] هیچ پلانێکی تر لە غەیری ئەمە لە ئارادا نەبووە کە باس لە ڕیفڕاندۆم بکات لە ناوچەکانی تردا، کەواتە لێرەوە خوێنەری کورد پێویستە ئەوەمان لاڕوون بێت کە سایکس–بیکۆ بە هیچ واتایەکی نوسراو یاخوود زارەکی باسی کوردی تێدا نەهاتووە ئەگەر سەیری دوانزە بڕگەی بکەین ئەم خاڵەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە.وە زۆربەی سەچاوەکان زیاتر پشت بە بۆچوونی دووەم دەبەستن، ئەگەرچی بریتانیاو فڕنسا خۆشیان لەسەر ئەم دووبیرۆکەیە تووشی دژ یەك وەستانەوە هاتوون. هەربۆیە لۆرد جۆرجی (Lloyd George)ی بریتانی( Georges Clemenceau) کلمینیۆس جۆرجی ی سەرۆك وەزیرانی فڕنسی دووبارە مفاوزاتیان کردەوە. وە زۆربەی بڕگەکانی نامەکەی حوسێن مەکماهۆنیان بە ناڕاست لە قەڵەم، بەڵام ئەم ڕێکەوتنامە نوێیەی نێوانیان هیچ گوڕانیکی بەسەر ئەسڵی سایکس بیکۆدانەهێنا، [2] واتە وەك خۆی جێ بەجێکرا. کواتە بەر لە ساڵی ١٩١٦ مارك سایکس ئاڵوگۆڕی نامەی هەبووە لەگەڵ شەریف حوسێن دا.بەڵام دواتر مارك سایکس وە جۆرج بیکۆت بەناڕاستەوخۆ سەردانی شەریف حوسێن یان کردووە. [3] تا سەرجەم ووردەکارییەکانی سایکس بیکۆی پێ ڕابگەیەنن.

لە هەمان ساڵدا سایکس لەگەڵ نوێنەرێکی وەزارەتی خارجی فڕنسی نامەیەکیان بەدەستی گەیاندە کۆنگرێسی ناوەندی سووریا لە پاریس. سەبارەت بە ئەو ناوچانەی کە تورك نەبوون وەلەژێردەستی عوسمانیەکاندابوون، کە لێرەدا زیاتر مەبەست ناوچەکوردییەکان ئەگرێتەوە بە قودس یشەوە کەتێدا زۆر بە ڕاشکاوانە نوسیویەتی:(دروست بوونی سەربەخۆی حیجاز کارێکی وەهای کردووە کە ئۆتۆنۆمی بۆ وولاتی سوریا ئەستەمەئەگەر ڕەت بکرێتەوە). [4]

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە کە باسکران،ڕاپۆرتێکی بەهێزترو ووردتر تر کە دژی ئەم بڕگەیەی سەرەوەیە کە باسمانکرد ئەویش بەڵێن نامەی بلفۆری ساڵی ١٩١٧ز کە لۆرد بلفۆر Lord Balfour v یادداشت نامەیەکی لەکاتی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ئاراستەی گەورەکانی کۆنگرە کردووە کە دەڵێت: هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمان ناڕاستەخۆ ڕێکەوتنامەی نهێنی سایکس بیکۆیان لا ڕەفزە ،ئەگەر سیستەمی ئینتداب دابنێ،چونکە تەنها ڕێگەیان بەوەدەدا کەنابێت پاشگریان هەبێت وەیان هیچ بەرژەوەندییەکی تری تێدا هەبێت وە زۆر بە

1 See paragraph 1 of the Sykes-Picot Agreement.

2 Allen by and British strategy in the Middle East، 1917-1919،Matthew Hughes، Taylor and Francis ،1999-ISBN،P،122-124، Www.books.google.com/books

3 Isaiah Friedman، Palestine، a Twice-promised Land? The British، The Arabs & Zionism، 1915-1920،Transaction Publishers، 2000،ISBN،P،166.

4 Foreign Relations of the Unite States، 1918، Supplement1، The world war volume1، Part1: the continuation and conclusion of the war- participation of the united states، P،243.

ڕاشکاوانە ووتوویەتی: وولاّتانی هاوپەیمان بەڵێنیان داوە بە زایۆنیستەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی زایۆنی بۆ جوولەکە، وە هیچ نیەتێکیشان نیە ئەو پەیماننامەی کە بە عەرەبەکانیان داوە بیبەنەسەر.[1]

لەدوای (٨٥) ساڵ واتەلە ساڵی (٢٠٠٢)دا لە چاوپێکەوتنێکدا کە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بریتانیادا جاکسترۆ (Jack Straw) یدا کراوە کە تێدا دەڵێت: ئێستا زۆرکێشەمان هەیە کە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئێستا ئەبێت من ئیشی لەسەر بکەم ئەویش دەر ئەنجامی ئەو داگیر کارییەی ڕابردوومانە... کە بەردەوامەو دەڵێت: بەڵێننامەی بلفۆر وە هەروەها ئەو بەڵێننامە دژیەکانەی دراوە بە فلَستینی یەکان بە نهێنی وە هەروەها درا بە ئیسرائیلیەکانیش بە نهێنی دووبارە بە ڕاستی مێژوویەکی سەرنج ڕاکێشە بۆ ئێمە،بەڵام هیچ جێگای شەرەف نیە، بە تەواوەتی جێگەی شەرەف نیە بۆ ئێمە)[2] ئەوەی جێگەی پرسیارە کە بەهیچ شێوەیەك لەسەدەی بیست ویەکدا بێت لێدوان لە هەڵەی ڕابردوویان بدەن و گەلێکی سەروو سی ملیۆنی وەك کورد لە خاك و نیشتمانیان دابڕن کەچی ئامادەی ناوهێنانی نەبن ئەمەیە جەوهەری پرسی ئێمە بۆ دەبێت وابێت ؟ کە وەلاّمەکەی بۆخوێنەر بەجێ دەهێڵین.

ڕووداوەکانی دوای ئاشکراکردنی ڕێکەوتنامەی سایکس-بیکۆ ١٩١٦ز

سەرەتا کە ڕووسیا بە عوسمانیەکانیەکانیان ووت: ئێمە بە هیچ شێوەیەك بەشدارنین وە بەڵگەشیان تەسلیم بە دەوڵەتی عوسمانیەکان کرد،کە بریتی بوو لە نوسخەی سایکس-بیکۆ بە تەواوی تێکستەکانیەوە. لەڕۆژی ٢٣ نۆفەمبەری ساڵی ١٩١٧ز

وە بە ڕەسمی لە ناو ڕۆژنامەکەیاندا کەناوی (Izvestia and Pravda) بووهەواڵەکەیان تێدا بلاّوکردۆتەوەو تەسلیم بە دەوڵەتی عوسمانیەکانیان کردووە.دوای ئەوەش ڕاستەوخۆ بەشی زۆری هەواڵەکانی ئاشکراکردنی ڕێکەتنامەکەیان لە ڕۆژنامەیەکی تریان بەناوی (Manchester Guardian) لە بەرواری٢٦نۆفەمبەری١٩١٧.[3] دووبارە بلاّوکردۆتەو، ئەم کارەی ڕووسیا بوە هۆکاری شەرمەزاربوونی لەنێوان هاوپەیمانەکانیدا لەلایەك وە گەشەسەندنی بێ متمانەی لەنێوان عەرەب و هاوپەیمانەکان لەلایەکی ترەوە.جگەلەوەی کە زایۆنیستەکان زۆر نیگەران بوون لە ڕووسەکان، چونکە ئەم ڕاگەیاندنە تەنها لە پاش سێ هەفتە بەسەرجاڕنامەی بلفۆردا تێپەری بوو کە ڕێکەوتنامەی سایکس-بیکۆ ئاشکرابوو لەلایەن بەلشەفیەکانی ڕووسیاوە.

ئەگەر بچینە یەك دوو ساڵ سەرووتر دوای سایکس-بیکۆ کە زۆربە پێویستی دەزانم ئەم خاڵە بۆ خوێنەر ڕوون بکەمەوە، کە لێرەوە دەر دەکەوێت بۆچی گەلی کورد پەراوێز خراوە لەژێر بەستنی ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆدا؟

---

1 See document 242،Memorandum by Mr. Balfour (Paris) respecting ،Syria ،Palestine، and Mesopotamia، 11Auhust 1919،in EL Woodward and Rohan Butler ، document on British Foreign Policy،1919-1939.Londdon،P،340-348(http://www.yorku.ca/dwileman/2930Balfor.htm .

2 New Statesman Interview- jack Straw، Www.newstatment.com.

3 Www.law.fsu.edu /library/collection/Limits in Seas، pdf، P، 9.

لێرەدا جاڕنامـەی Anglo-French Declaration مـان هەیـە کـە لەسـاڵی ١٩١٨ز هـەردوو وڵاتـی بریتانیاوفڕنسا پەیمانی ئەوەیان دابوو کە یارمەتی دانیشتوانی ئەسیڵی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان ئەدەن، کە دەوڵەت و ئیدارەی سەربەخۆی خۆیانیان نیە؟ تایبەت ئەوانەی دەکەوتنە سنوورەکانی میسۆپۆتامیا وسـووریا، بـەو مەبەسـتەی لـە داهـاتوودا ببنـە خـاوەن حوکمڕانیـەتی سـەربەخۆی خۆیـان لەلایـەن دانیشـتوانی ناوچەکانەوە.بەڵام لە ڕاستی دا فڕنسی یەکان لەم جاڕنامەیە دوودڵ بوون وەك بریتانەکان نەبوون کە سووربوون لەسەری( بۆئەوەی ئەو فەزاحەتەی سەرەوەیان کە کەشف بووە پـەردەپۆش بکەن)هـەروەك لەکۆنووسـی کابینـەی جەنگی بریتـانی، کـە لـە دانیشـتنەکەیاندا ئـەوە دەردەخـات کـە بریتانیـەکان باسـی ئـەو یاسایانەیان کـردووە کـە پەیوەندی بە داگیرکاری وە دلگیرکاری سەربازییەوە هەیە،بەومەبەستەی خۆیان بەدووربگرن لە ئیدارەی هاوبەش لە ئیدارەدانی ناوچە فڕنسی یەکان لـە ژێر سیسـتەمێکی شارسـتانێتی دا. هەربۆیـە بریتانیـەکان جـەختیان لـەوە کـردەوە کـە ئـەم جاڕنامـەی ئەنگلۆفڕنسـی یـەی سـاڵی ١٩١٨کۆتـایی بەسـایکس-بیکـۆ هێنـاوە، بـۆ ئـەوەی زەمینەسازی خۆش بکەن بۆ مفوزاتێکی نوێی لەسەر دابەشکردنی ناوچەکانی سوریا،فلستین وەمیسۆپۆتامیا.[1]

هەربۆیـە بـە ماوەیـەکی کـەم کـە دەکاتەبـەرواری ٣٠ئـەیلولی سـاڵی ١٩١٨ز لایـەنگرانی شـۆڕشـی عـەرەبی لـە دیمەشق حکومەتێکیان ڕاگەیاند کە دڵسۆزی شەریفی مەککە بن.[2] ئەو کاتە شەریفی مەککە وەك مەلیکی هەموو عەرەبەکان بانگەشەی بۆ دەکرا لەلایەن زانایانی ئاینی و هەندێك خەڵکی ناوداری مەککە. تا گەشتە ئەو ئاستەی کە لە ٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٠زدا فەیسەڵ دەستی کرد بە ئەنجامدانی ڕێکەوتنێك لەگەڵ کلیمنیـۆس Clemenceau داکە تیایدا دانـی نـا بـە مـاڧ گـەلی سـوری.[3] کـە بەیـەکگرتووی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی سـوریا لەپاش کۆبوونەوەی کۆنگرەی (پان-سوریا )لە دیمەشق لە بەرواری ٨ی ئازاری ١٩٢٠زدەوڵەتـە سـەربەخۆکەی سوریا یان ڕاگەیاند.

سـنوری جـوگراڧ ئـەم دەوڵەتـە نوێیـە کـە بەشـێکی سوریاوفلەسـتین وە بـاکووری میسـۆپۆتامیای خـاکی کوردستانی گەورەی لەخۆگرتبوو، وە مەلیك فەیسەڵ یش کرا بە سەرۆکی دەوڵەتەکە و( ئەمیر زید )یـش کـەبرای مەلیك فەیسەڵ بوو کرا بە والی میسۆپۆتامیا. ئەمەش وایکرد کە هەرسێ وڵاتـی بریتانیاوفڕنسـاو بلجیکا پەلە بکەن لە بەستنی کۆنفڕانسی سان ڕیمۆر دان بەکاتی ناساندنی سوریادابنێن، بەمـەرجێك بکەوێتـە ژێر ئیدارەی ئینتـدابی هەرسـێ وڵاتـەوە.[4] لـەم کاتـەدا فلسـتین وەك قەزایـەکی دەوڵـەتی عوسمـانی دەناسـرا لەباشـووری سوریادا.

1 Jordan: Living in the Crossfire، Alan George، Zed Books،2005،P،6، Www.books،google.com.

2 Timothy J، Britain، the Hashemite’s and Arab Rule 1920-1925، Paris، Routledge، 2003، P، 69.

3 Elihu lauterpacht: For example international law، papers of Hersch Lauterpacht، CUP Archive، 1970،P،116. Www.books.google.com.

4 Report of a committee set UP To Consider Certain Correspondence Between Sir Henry McMahon and The Sharif of Mecca، domino.un.org/unispal.nsf.

کاتێك فڕنسا ڕاستەوخۆ بڕیاری داڕشتنەوەی ناوچەی شینی واتەAدا بیخاتە ژێر دەسەڵاتی ئینتدابی فڕنسی لەپێش بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، دەست بەجێ ئاگاداری ڕاگەیاندو لەڕێگەی سەربازی یەوە لە جەنگی مەیسەلونی* حوزەیرانی ١٩٢٠ز دا توانی سەرکەوتن بەسەر عەرەبە عەشائیرەکانی ناوچەکەدا بهێنێت و عەرەبە ڕەسەنەکانی لە دەسەڵات دوورخستەوەو هەروەها مەلیك فەیسەل یشیان لە مانگی اب ی ١٩٢٠ لە دیمەشق لەسەر تەختی پاشایەتی لابرد.

لەهەمان کاتدا بریتانیەکانیش کۆمسیۆنی باڵای خۆی لەسیستەمی ئینتدابی خۆیدا لە فلستین دامەزراند بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، وە توانی ڕەزامەندی تورکەلاوەکان بەدەست بهێنێت. لەساڵی ١٩٢٢ز دا چرچڵ Churchill ڕایگەیاند (کەفلستین ناکەوێتە ژێرکۆنترۆڵ و کاریگەری فڕنسیەکانەوەو هیچ قەزایەك نیە، سەربە ڕۆژئاوای دیمەشق بێت).

**دەرخستنی دۆکۆمێنتە نهێنی یەکان**

لێرەدا باس لەو نامەئاڵوگۆڕانەی نێوان سیاسەتمەدارو بەرپرسانی هاوپەیمانی سایکس–بیکۆ دەکرێت.کە چۆنێتی سەرخستنی پرۆژەکەیان تا چ ئاستێك لاگرنگ بووە.

لۆرد گرەی Lord Grey وەزیری دەرەوەی بریتانیا بووە لە ماوەی دانوستانەکانی حوسێن مەکماهۆن دا. لۆرد گرەی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی لۆردەکانی بریتانیادا کە لە ٢٧–٣–١٩٢٣ز دا بەستراوە زۆر بە ڕاشکاوانە ووتوویەتی: کە ئەو گومانی تەواوی هەیە لە هەموو، تەفسیرکردنی ئەو بەڵێنانەی کە حکوومەتەکەی چەرچڵی ChurchillGovernment داوویەتی بە شریف حوسێن لە ساڵی ١٩١٥زدا، بۆیە داوایکرد کە دەبێت هەموو ئەو ڕێکەوتنامەو دانوستان و چاوپێکەوتنە نهێنی یانە ئاشکرا بکرێن.[1]

کاتێك کە زۆربەی ئەو دۆکۆمێنتە نهێنیانە ئاشکرا کران وە لەلایەن National Archive ی بریتانیەوە بەردەست خران،وە بەتایبەت ئەوە دەردەکەوێت کە چەند پەیمان و دڵنیابوونەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەبی تێدابووە. کە لە لایەن وەزیری جەنگی بریتانی لۆرد کیچنەر Lord Kitchener جێگری شای هندستان و هەندێکی تر لە بریتانیەکان کە لە کابینەی جەنگدا بوون.

لە کۆنووسەکەی کابینەی لیژنەی ڕۆژهەڵاتدا کە بەسەرپەرشتیاری لۆرد کورزن Lord Curzon لە بەرواری ٥–١٢–١٩١٨زدا باسی چەند کارێك دەکات سەبارەت بەفلستین کە بەڕوونی دەری دەخات کە فلستین هەرگیز نەخراوەتەدەرەوەی تەوەرەکانی دانووستان لەگەڵ شریف حوسێن دا. لەو دانیشتنەدا کە چەندین کەسی پلە بەرزو ناسراوی تێدا ئامادەبوون بە تایبەت T.E. Lawrence & Lord Curzon کە تیایدا ووتراوە:

(کۆمەڵە بەڵێنێك بە گشتی دراوە بە شریف حوسێن لە ساڵی ١٩١٥زدا کە فلستین دەکرێت بە وڵاتێکی سەربەخۆ لە داهاتوودا، لەکاتێکدا بریتانیا و فڕنسا و ئیتالیاو ڕووسیا کە ئەو کاتە هاوپەیمان بوون ڕێکەوتبوون لەسەر ئەوەی کە فلستین دەبێت بکەوێتە ژێر ئیدارەی نێودەوڵەتیەوە، بەڵام کاتێك کە بلفۆر

1 Doreen Ingram’s: cited in Palestine Papers 1917-1922، P،48 Frome the UK Archive File PRO CAB27/24.

جاڕنامە بەناوبانگەکەی ساڵی ١٩١٧ز دەردەکات هەموو پێوانەکان دەگۆڕن، تەنها ئەوە نەبێت کە بە ێمە(بریتانیا)توانیمان ووشەی ماف کۆمەڵگا ناجوولەکەکانیان هێشتۆتەوە لە جاڕنامەکەدا کە گوایا نابێت مافیان زەوت بکرێت، ئەوە تەنها بەڵێن بوو کە بریتانیا توانی بییاتەسەر)؟ [1]

وە لە بەرواری ١٧-٤-١٩٦٩زدا ڕۆژنامەی The Times of London دا هەندێك نامەی بڵاوکردۆتەوە کە کە لەلایەن بەشی نوێنەری سیخوڕی سیاسی سەربە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە کۆنفڕانسی ئاشتی پاریس دا دەڵێت: (سەبارەت بە فلستین مەلیك جۆرج شای بریتانیا پابەندە بەنامەکەی مەکماهۆنەوە بۆشەریفی مەککە کە لە بەرواری ٢٤-١٠-١٩١٥زدا بە مەبەستی خستنەناوەوەی فلستین لەچوارچێوەی سنوری دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەبی، بەڵام ئەوە هەر ئەوانە بوون کە پەیمانیان بە زایۆنیستەکان نوێکردۆتەوە لە نامەکەی ٤-١-١٩١٨زدا )

لە ڕاپۆرتێکی تردا ئەوە دەردەکەوێت کە مەلیك جۆرج دووبارە بەڵێنەکانی بۆ شریف حوسێن دووبارە کردۆتەوەو دەڵێت:( ئەوان دان دەنێن بە سەربەخۆی عەرەبەکاندا) ئەگەرچی ئەم نامەیە هەرگیز نەگەیەنرێنراوەتەوە جێی خۆی. [2]

**ڕوونکردنەوەکانی لوید جۆرج**

کۆنووسە بریتانیەکەی کە وەرگیراوە لەکاتی ئەنجوومەنی چوارکۆنفڕانس بەڕێوەبرا لەماڵی سەرۆك وەزیرانی فڕنسی لە خانووی خۆی لە بە ناونیشانی Flat 23- Rue Nitot لەپاریس لەڕۆژی پێنج شەممە ٢٠-٣-١٩١٩ز دا سەعات ٣ی ئێوارە کە باسی هەندێك بابەتی تازەی هێناوەتەکایەوە. [3] لۆرد بلفۆریش ئامادەبوو کاتێك کە لۆیدجۆرج ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەلەپشتی ڕێکەوتنامەکە ئەمانەی خوارەوەی دەرخستووە.

١. ناوچەی شینی ژێردەسەڵاتی فڕنسی، کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان ناڕاستەوخۆی لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچە ئیدارییە هەیە کە ئینتدابی خۆیانی تێدا بەرجەستەبووە، ئامادەن قبوڵی دەوڵەتی عەرەبی یان کۆنفیدڕاڵی دەوڵەتانی عەرەبی تێدابکەن بەمەرجێك هیچ کام لە شارەکانی دیمەشق،حمس وە حەلەبی تێدانەبووە ،بەڵام لە ناوچەی A فڕنسا دەڵێت: ئامادەی قبووڵکردنی فیدڕاڵی و کۆنفیدڕاڵی یەتیان هەیە بۆ ناوچە عەرەبیەکان. [4]

٢. لە ڕۆژی ڕێکەتنی سایکس بیکۆوە لە ١٩١٦ شێوازی ئینتداب بە هەموو شێوەیەك چەسپاوە، وە کاتێك کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەم ئینتدابەیان پشت ڕاستکردەوە، فڕنسا تەنها دەیویست بەشەکەی خۆی وەکو دەقی ڕێکەوتنامەکە بۆ بچەسپێ بەبێ کەم وکورتی.

---

1 Light on Britains Palestine Promise; The Times:PP15-16،April،17،1964. Also Elie Kedourie: Promises on Palestine(letter)، The Times، April23،1964،P،13.

2 The council of four: minutes of meetings March 20 to May 24،1919،P،1 (http://digicoll.library.wisc.edu/cgi-bin/FRUS/FRUS-idx.

3 Ibid.

4 Ibid، p. 7.

٣.لوید جۆرج دەڵێت: کۆمەڵەی نەتەوەکان ناتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامەکەمان لەگەڵ مەلیك حوسێن دا ئەگەر پیکۆت Picot نیەتی داگیرکردنی دیمەشقی هەبێت بە ئەفسەرانس فڕنسی، ئەوا سەرپێچی کردووە لەبەرامبەر ڕێکەوتنامەکەمان لەگەڵ عەرەبەکان دا.بەڵام پیکۆت لەبەرامبەر ئەم ووتەیەدا دەڵێت: فڕنسا هیچ ڕێکەتنێکی لەگەڵ عەرەبەکاندا نیە، بەڵام لوید جۆرج دەڵێت: ئەوە باش بزانن کە هەموو ڕێکەوتنامەکەو سایکس-بیکۆ لەسەر بنەمای ئەو نامەیە دروست بووە کە مەکماهۆن ناردوویەتی بۆ مەلیك حوسێن.[١]

٤.لۆرد جۆرج Lord George،بەردەوامە لە لێدوان ودەڵێت: مەلیك حوسێن ئیشی لەسەر ئەو نامەیە کردووە، بە بڕوای تەواوەوە، وە بووەتە هۆکاری سەرکەوتنی تەواوەتی ئێمە. بۆیە فڕنسا تەنها لەبەر کاری پراکتیکی بەڵێنەکانی ئێمەی بۆ مەلیك حوسێن لە ساڵی ١٩١٦زدا قبوڵ کردووە، کە ئەمەلای Picotی فڕنسی کاری پێ نەدەکرا چونکە قبووڵ کردنەکەی فڕنسا لەلایەن کەسانی پێش پیکۆتەوە بووە.بۆیە لویس پێی وابووئەگەر بریتانیا قبووڵی بکات فڕنسا حلب،دیمەشق وە حمس داگیربکات، ئەوا بەریتانیا چیتر متمانەی نامێنێ لەلایەن عەرەبەوە. کە بریتانیەکان دەیان وویست ئەو متمانەیە نەدۆڕێنن.

ئەوەی کە لۆرد جۆرج Lord George بە تایبەتی نیگەران کردبووکە سایکس-بیکۆ ١٩١٦ لەسەربنەمای باشی حسێن مەکماهۆن بووە کە هەردوو وولات ڕازیبوونە بە ماف ڕیفراندۆم بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ عەرەبەکان بۆخۆیان. بۆیە بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو زۆنی B،Aدروست کرا. بەڵام فڕنسا تەنها بەوە ڕازی بووە کە ماف ڕیفراندۆم هەبێت بۆ عەرەبەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە مەرجێك دیمەشق،حەلەب وە حما وحمس تێدا نەبێت،(بۆ ئەوەی لەژێردەسەڵاتی خۆیدا بمێنێتەوە) بۆیە پیکۆتM. Picot دەیووت ئەوە ماف فڕنسی یەکانە هەمیشە بێ ڕکابەر بووە، بەڵام ئەگەر وایە ئەی چۆن فڕنسا ڕیکەوتنامەیەك واژۆ دەکات لەگەڵ بریتانیا لەساڵی ١٩١٦واتە (سایکس بیکۆ) لەکاتێکدا ڕوون نیە؟؟ چی دەکەوێتەر ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە؟ (کەواتە Picotهەڵەیە).

فرنسا هەرگیز دانی نەدەنابە حیجازدا، لەکاتێکدا دانی نا بە دەوڵەتی یان کۆنفدڕاڵیەتی عەرەبی نەوەك مەلیکی حیجاز. کەواتە ئەگەر فرنسا لەبنەماوە بەڵێنی ئینتدابی پێبدرایە لەسەر سووریا ئەوا بەئاسانی لەگەڵ عەرەب یان کۆنفدڕاڵیەتی عەرەبی ڕێك دەکەوت و هیچی تری نەدەکرد. ئەمەئێستا ڕۆڵی فرنسایە لە سووریا،ئەوا فرنساش لەبەرامبەردا لەگەڵ مەلیك فیصل دا لێك تێگەیشتنی دروست دەکرد.[٢]

**ئیدوارد وەڵامی نامەکەی پاوڵ دەداتەوە (Sir Edward Grey to Paul Cabman)**

نامەکە لە بەرواری ١٥-٥-١٩١٥ز بووە کە دەڵێت: جێگای شەرەف مەندی منە کەوەڵامی تێبینی نۆیەم بدەمەوە کەلەسەردروست بوونی دەوڵەتی عەرەبی یە.بەڵام لە هەمان کاتدا ئەبێت زۆر سوپاسگوزاربم کە

---

1 Ibid، p. 8.

2 D. Raic، Martinus، Nijhoff Publishersm2002، P،95.and From world war1، Decumbence Archive.

جەنابتان.دڵنیام بکەنەوە کە ئەو ناوچانەی کەلە مەرجەکاندا باسکراون یان تۆمارکراوە لەلایەن مارك سایکس ەوە کە بەتەواوەتی ببێتە مولْکی حکوومەتی فەرنسی یان بەلایەنیکەمەوە بەرژەوەندی فەرنسی تێدا چەسپێنرابێت.بەشێوەیەکی بالا وەهەروەها هەرماف و ئیمتیازاتێکی تری کەشتی وانی و ئاینی و زانستی ودامەزراوەی پزیشکی بریتانی وەك خۆی دەمێنێتەوەز بەدڵنیاییەوە جەنابی خاوەن پاشای بریتانیا ئامادەیە لە بەرامبەردا مەجەکان قبولْ بکات.[1]

وەڵامەکەی: لە بەرواری ١٦-٥-١٩١٦دا دراوەتەوە کە دەڵێت :شەرەف مەندییە بۆ من کە پێتان بڵێم نامەکەی جەنابتان گەشتووە بە من کە تێدا باس لەوە دەکات حکوومەتی فرنسا ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر دروست بوونی دەوڵەتی عەرەبی یان کۆنفیدڕاڵی کۆمەڵە وولاتێك کە لە داهاتوودا دروست ببێت و ئەو بەشانەی سوریای لەسەربێت کەلەژێر کاریگەری فرنسادا بێت.بەلام هەندیْ مەرجی لەگەلْ دایە وەك باسکراون لە لندن وپترۆگرادلەسەر بابەتەکانز هەروەها جێگەیشەرەف مەندی منە کە بەبەڕێزتان ڕابگەیەنم کە قبولْکردنی پرۆژەکە بەگشتی هەروەکو ئێستا کە دەردەکەوێت بەشێکی زۆری بریتانیا تنازولی تێدا کردووە.بەلام لەبەر ئەوەی کە حکوومەتی بریتانیا دان بە بەرژەوەندی گشتی هێزەهاوپەیمانەکاندا دەنێت بۆیە تنازلی کردووە. بەتایبەتی لەکاتێکدا بارێکی سیاسی ناوخۆی لە تورکیادا دروست بووە ئەم بارە گشتی یە لە بەرژەوەندی هەموو هێزە هاوپەیمانەکانە.بۆیە ئامادەن کە قبووڵی ئەم ڕێکخستنە بکەن وەك پرۆژەکە، بەو مەرجەی یارمەتی و پشتگیری عەرەبەکان بەدەست بهێنرێت بە ئینگلیز، لەلایەکی تریشەوە عەرەبەکان مەرجەکانب خۆیان بەدەست بهێنن کە بەدەست هێنانی شارەکانی(حمص،حما،دیمەشق وە حەلەب)ە

لێرەداو ئەوا ڕێکەوتووین لە نێوان هەردوو حکوومەتی بریتانیاوفرنسادا،کە لێرەدا حکوومەتی ڕووسیا غیابە لەو دوانزە خاڵەی سایکس-بیکۆ کە نوسراوەتەوە، کەلێرەدا مەبەستمان لە ئیمتیازاتەکانیەتی نەك ئەوەی کە بەشدار نەبووبێت، بەڵکو بەشداربووە لە ئیمزاکردنی هەر دوانزە خاڵەکەی سایکس-بیکۆ کە دواتر ئاماژەیان پیْ دەکەین.

پاول، بەردەوام دەبێت و دەڵێت: جێگای شەرەف مەندی منە کە ئەم ڕێکەوتنامەیە تەواو بێت و بواری یاسایی خۆی وەربگرێت، حکوومەتی بریتانیا دوای سەرنج دانی لە تێبینی و ئاڵوگۆڕی بەندەکان لە دوا بەرواری ٢٦-٤-١٩١٦زدا کۆپی ئەوتێبینی و راوێژکارییانە دەگەیەنرێتەجەنابتان بە زووترین کات کە ئاڵوگۆڕیان پیْ کرابێت.

1 The Sykes-Picot Agreement 1916، The Avalon Project، Documents in law، History and Diplomacy. Www.worldwar1.com

**بەندەکانی ڕیکەوتنامەی سایکس بیکۆی ساڵی ١٩١٦**

ئەمەی کە لە خوارەوە هاتووە تێگەشتنێکە لە نێوان بریتانیا وفرنسادا،هەریەك لەم دوو دەوڵەتە ئامادەن کە دانی پێدا بنێن وبیپارێزن بۆ وولاتانی عەرەبی، کە خۆی لە دوو ناوچەدا دەبینێتەوە کەئەوانیش دەوڵەتی هەروەك لە نەخشەکەدا هاتووە کە ئەویش لە ژێردەسەلاتی بالای سەرۆکێکی عەرەب دا بێت.[1]

١. ناوچەی شین بۆ فرنسایە ناوچەی سوور بۆ بریتانیایەوئەم دوو ناوچەیە پێویستە ڕێگەیان یبدرێت بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەسەلاتی ئیدارییان هەبێت بەو شێوەیەی خۆیان پێیان خۆشە یان بەهەر شێوەیەك کە گونجاوبێت،ڕێبکەون لەگەڵ دەوڵەتی عەرەبی یان کۆنفدراسیۆنێکی عەرەبیدا.

٢. ناوچەی قاوەی پێویستە بکرێتە ناوچەیەکی نێودەوڵەتی ئەم ناوچەیە ئەبێت بڕیار لەسەربدرێت لەپاش ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕووسیادا وەهەروەها لەپاش ڕووسیاش ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوپەیمانی تر لەگەڵ نوێنەرانی شەریفی مەککە.

٣. بریتانیا ئەم ئەم ناوچانەی پیێ بدرێت یەکەم لەدەرەوەی خالی یەکەم،ناوچەی حەیفا ئەکریێ،دووەم.ئەبێت گرەنتی پیێ بدرێت کەئاوی ڕووباری دیجلەوفورات دەگاتە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بریتانیا،وە بریتانیا دڵنیای ئەدات بە فرنسا کە ڕیکەوتنامە لەگەڵ هیچ دەوڵەتێك ناکات لەسەر قبرس بەبیێ فرنسا.

٤. ئەسکەندەرییە پێویستە ببێت بە پۆرتێکی ئازاد بۆبازرگانی حکوومەتی بریتانیا وەهەروەها نابێت هیچ جیاوازییەك بکرێت لەپۆرتەکەدا تایبەت لە گومرگ وئاسانکارییەکان بۆ کەشتی یە بریتانیەکان، یان کەل وپەلی بریتانیەکان ئازاد بگواسترێنەوە بۆ ئەسکەندەرییە وە هێڵی شەمەندەفەر لە ناوچەی شینی ژێردەسەلاتی فەرنسیدا.

٥. حەیفا ئەوناوچەیەش دەبێتە پۆرتێکی ئازادبیێ بۆ فرنساوە جیاوتزی نەکرێت لە گومرگ و ئاسانکارییەکان بۆکەشتی فەرنسی یەکان.

٦. ناوچەی A کەهێڵی شەمەندەفەری بەغداد دەگرێتەوە درێژ دەکرێتەوە تاخوارووی موصلێ وەهەروەها لە زۆنیB زیاتر درێژ دەکرێتەوە بۆ باکوور لەپشتی سامەراو.

٧. بریتانیا ماف خۆیەتی کە دابمەزرێت یان ببێتە خاوەنی سەرەکی تاك وتەنهابۆ هێڵی شەمەندەفەر کە ناوچەی حەیفا ببەستیێ بە زۆنی Bەوە وەماف هەتاهەتایی گواستنەوەی سەربازانی بەو هێڵە هەبێت.

٨. بۆماوەی بیست ساڵ پسوڵەی گومرگی تورکی وەخۆی بەکاری بهێننەوە وە لە هەموو زۆنی A&Bدا هەروەها لە ناوچەی A&B دابەهیچ شێوەیەك گۆڕان لەنرخی دا ڕوونەدات،بەبیێ ئەوەی ڕەزامەندی دوولایەنەی لەسەر نەبێت.

٩. پێویستە ڕێگریکردن لەگومرگی ناوخۆی ناوچەکاندا نەبێت.

---

1 Www.armedforcesjournal.com، June،1،2006، How a better Middle east world look، By: Ralph peters and originally Published in the Armed Forces Journal، via، Wikimedia.

١٠ .ئەبێت ڕەزامەندی ئەوە هەبێت کە حکوومەتی فرنسا هیچ کات تنازل ناکات لەسەر مافەکانی خۆی کەلەژێر دەسەلاتی ناوچەی شین دا هەمووی بۆ دەسەلاتی سێ یەمە تەنها دەوڵەتێکی عەرەبی نەبێت بەبێ ڕزامەندی بریتانیا.

١١ .بریتانیا و فرنسا ڕازی بوون هەروەك پارێزەرێکی دەوڵەتی عەرەبی دەبێت ڕازیش بن کە خۆیان ڕەزامەندی دەربڕن لەسەر لابردنی ئەو دەسەلاتەی سێیەم کە مەبەستیانە.

١٢ . ڕێکەوتنامەیان لەگەڵ عەرەبەکاندا مۆرکرد کە سنووری دەوڵەتە عەرەبیەکان پێویستە بەردەوام بێت لەڕێگای بریتانیاوفرنساوە. وە کۆتا خاڵی سایکس-بیکۆ بریتی بوو لە ئەوخاڵە گرنگەی کە هاوردە وناردەنی شمەکی تەقەمەنی بۆ وولاتە عەرەبیەکان لەژێر چاودێری بریتانیاو فرنسا دەبێت.

ئەو خاڵانەی سەرەوە کەباسکران هەردوانزە بەندەکەی ڕێکەوتنامەی سایکس-بیکۆ بوون.ئەگەرلەهەر بەندێکیان ووردبینەوە جگە لە پاراستنی بەرژەوەندی قۆرخکاری دەسەلاتی خۆیان بۆ ناوچەکانی میسۆپۆتامیاو خواستی پاراستنی عەرەبەکان باس لەهیچ نەتەوەو خاکێکی تری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ناکات،تایبەت کوردستانی گەورە کە دانیشتوانەکەی کوردە ڕەسەنەکان بوون، بەلام لە لایەن نەتوەی وەك عەرەب و ئنتدابی بریتانی و فەرنسی یەوە حوکمڕانی کراون. کە لێرەدا کوردەکان زیاترلایەنەنگیری تورکە عوسمانیەکان بوون، وە نەیانتوانیوە تا ئاستێکی بەرز سەربەخۆ بوونی خۆیان بپارێزن کەئەمەش خاڵی سەرەکی شکستی کورد دادەنرێت لەمێژووی دوورو نزیك دا.

بەر لەوەی بگەینە دەرئەنجامی توێژینەوەکەکان پرۆژە نوێیەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ئەگەر دووبارە داڕشتنەوەی لەلایەن زلهێزانەوە بۆ خوێنەری کورد دەخەینە ڕوو کە جێگەی خۆشحالیە بۆ گەلێکی سەروو چل ملیۆنی وەك گەلی کوردی بێ دەوڵەت کە جێ بەجێ بکرێت و کوردستانی گەورە لەو نەخشە سیاسیی یە نوێیەدا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوونی هەیە و دانی پێدانراوە.

## پرۆژە نوێیەکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

لێرەدا پرۆژە نوێیەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست،بۆ خوێنەرانی مێژوو دەخرێتە ڕوو. ئەگەر سەرنج بدرێت تاڕادەیەکی زۆر جێگەی گرنگی پێدانە، تایبەت بۆ گەلی کورد.کە لە ئەگەری جێبەجێ کردنی دا دەگاتە مافی سەربەخۆی تەواوەتی بۆ کوردستانی گەورەو پارچە دابەشکراوەکانی بەپێی ئەم نەخشە نوێیە یەکدەگرێتەوە.

١ . دەبێت نەخشەی سیاسی ئیسرائیل بگەڕێتەوە بۆپێش ساڵی ١٩٦٧ .

٢ .تورکیاوسووریاوعێراق وئێران، دەبێت هەندێك بەشیان لێ بکرێتەوە، بۆئەوەی کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ بۆ گەلی کورد دروست بکرێت.پێناسەی (کوردستانی ئازاد) چییە؟بریتی یە لەو دەوڵەتەی کە تازە درووست دەبێت بۆ تورکەکان.

٣.لوبنانی گەورەتر: ئەوناوچانەی پەیوەندی بەڕۆژهەڵاتی لوبنانەوە هەیە،کە ئەکەوێتە خاکی سووریاوە بگەڕێنەوە سەر لووبنان.

٤.ئوردنێکی گەورەتر: کەدەبێت بەشێك لەخاکی سعوودیەی بچێتەسەر.

٥.عێراقی سوونی: یەکێك لەسێ وویلایەتە گەورەکانی عێراق دەکات،کەبەردەرەجەی یەکەم دانیشتوانەکەی سوونی بن، بەغداد،ئەنبار، موسڵ دەگرێتەوە.

٦.عێراقی شیعی: یەکێکە لەسێ وویلایەتە تازەکە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی شیعە بن.

٧.دەوڵەتی ئیسلامی پیرۆز: کەمەبەستیان حیجازو ڕۆژئاوای سعودیەیە، بەتایبەتی مەککەو مەدینە.

٨.سعودیەی ئێستاچی لێدێت:خاکێکی زۆر لەدەست ئەدات کە بیداتە ئوردن ودەوڵەتەشیعەکەی عێراق و یەمەن وەخاکی دەوڵەتی ئیسلامی پیرۆز.

٩.یەمەن: خاك لە سعودیەی عربی وەردەگرێت و فراوانتر دەبێت.

١٠ئیمارات: خاك لەدەست ئەدات بۆدەوڵەتی شیعەی نوێی، کە درێژکراوەی شیعەکانی عێراقە.

١١.کویت وعومان وەك خۆیان دەمێننەوە.

١٢.ئازەربایجان خاکەکەی فراوانتردەبێت خاك لەئێران وەردەگرێت.

١٣. ئێران: خاك بۆ کوردستان لە دەست دەدات و دەوڵەتەشیعەکەی عێراق و ئازەربایجان وبلوجستانی ئازاد ، بەڵام خاك لە بەشی ئەفغانستان وەردەگرێت و ئەچێتە سەر ئێران، ئامانجەکە لەوەدایە کە دەوڵەتە ببێتە فارسی یەکی تەواوەتی و هیچ نەتەوەیەکی تری تێدا نەبێت.

١٤.بلوجستانی ئازاد: ئەو دەوڵەتەنوێیەیە کە بۆ خەڵکی بلوشی دروست دەکرێت و سنوورەکەی لە پاکستانەوە دەست پێ دەکات هەتا ناوئێران.

١٥.پاکستان: خاك لەدەست ئەدات بۆ بلوجستان وئەفغانستان، بەڵام متمانەی تەواوی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ڕووباری هیندۆس ئەبێت.

١٦. ئەفغانستان: خاك لە دەست ئەدات بۆ ئێران بەڵام لە بەشی پاکستان خاك وەردەگرێت واتە ئەچێتەسەری.

**دەرئەنجام**

لەکۆتایی خوێندنەوەکانمان بۆ ئەم پرۆژە نەخشە سیاسیەی سەدەی بیست ی ڕابردوودا،وە بە خوێندنەوەیەکی بەراووردکارییانە بۆ دۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە دەتوانین بگەینە چەند دەرئەنجامێکی پێویست کە لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێ دەدەین.

ئەم ڕێکەوتنامەیە وەك خاڵێکی وەرچەرخان سەیردەکرێت لەلایەن توێژەری عەرەبی و ڕۆژئاواییەکانەوە. چونکە کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر ئەو بەڵێنانەی کە درابوون بەعەرەب لەلایەن لۆرێنس ەوە .T.E

Lawrence سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەی بۆ عەرەبەکان لە قولایی خاکی سوریادا لەبەرامبەر پشتگیری کردنی عەرەبەکان بۆ سوپای ئینگلیز لەدژی عوسمانیەکان.

ئەوەبووبڕگەسەرەکیەکانی ئەوڕێکەوتنامەیە دووبارە پشت ڕاستکرایەوە لەلایەن وولاتانی هاوپەیمانی کۆنفڕانسی سان ڕیمۆ لەبەرواری ١٩بۆ٢٦-نیسانی ساڵی ١٩٢٣ز وە پەسەندکردنی هەروەك ئینتدابێك لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بەبڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەکە لەبەرواری ٢٤-٧-١٩٢٢زدا

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوکۆمێنتە بدەین، هەروەك چۆن مارك سایکس هیچ کاریگەری و ڕۆڵێکی لەسەر لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ز نەبوو، هەروا ئەم سایکس بیکۆیەی ساڵی ١٩١٦ هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پرۆژە نوێیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیە. ئەگەر تورکیاو ئێران بهێڵن جێ بەجێ بکرێت، کە پێی دەوترێت ئاسیای بچووك.جگەلەوەی هەرچی پەیوەندی بە سایکسبیکۆوە هەیە وا خەریکە لە ناو دەچێت تایبەت لە ناوچەکانی سووریاداکەوا خەریکە ئەو خاکە پارچەپارچە دەبێت و تایبەت ناوچە کوردییەکان کە دەسەلاتێکی خۆجێیان هەیە، وا خەریکە بە باکورە کوردییەکەی عێراق و بەشەکەی کوردستانی تورکیاوە دەلکێت کە ئەویش بە هەمان شێوە دەسەلاتێکی ئۆتۆنۆمی هەیە. ئەگەر نێومالی کورد لەم سێ پارچەیە کۆدەنگ و هەماهەنگی یەکتربن نەك ئەوەی کە ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر بۆتە جێگەی نیگەرانی ئەو دەنگەی کە دەیانەوێت کورد بگەیەننە ماف ڕەوای خویان.سەبارەت بەکاریگەری وولاتانی زلهێز بۆ ناوخاکی کوردستان تائێستاش کار بۆ هێوربوونەوەی ئاشایشی ناوچەکەدەکەن نەك فراوان بوونی خاکی کوردستان، بەبەڵگەی ئەوەی کە هەمیشە لە لێدوان و گفتوگۆ سیاسیەکانی ئاستە باڵاکانی دەرەوەیاندا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە نموونەشمان پشتیوانی تەواویان بۆ هێزی پێشمەرگەو شەرەفانانی کوردە بە هاوکاری سەربازی و پرچەك کردنیان دژی گروپی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش و ISISکە بوونەتە جێگەی مەترسی بۆ تەواوی خاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

خاڵیکی تایبەت کە دەمانەوێت ئاماژەی بۆ بکەین،ڕۆڵی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە ئێستای ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا هاوشانی هاوپەیمانەکانی بریتانیا وفرنسا و ڕووسیا زۆر کاریگەرو دیارە تایبەت کە ڕووسیا دەمەوێت ئەوە بخەینەڕوو کە ڕۆڵی پێشەنگی ڕووداوە سەرەکیەکانی ناوچەکە دەبینێت هاوشێوەی سایکس بیکۆی سەدەی ڕابردوو نیە کە غیاب و دوورە پەرێزبێت. بۆنموونە: ڕۆڵ و کارلێکی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو ڕووسیا لەم وێنە سیاسیە بۆ خوێنەران شیکاری دەکەین: لەسەردەمی (باراك ئۆباما)ی سەرۆکی وویلایەتەیەکگرتووەکانی ئامریکادا،یەکەم سەرۆکە هیچ سنورێکی بەسەر ڕووسیادا نەچەسپاندووە، لەکاتێکدا سەرۆك (جیمی کارتەر) هەندێك سنوری بەسەر ئسرائیل دا سەپاندبوو کە نەیدەتوانی بیان بەزێنێت.تەنانەت ڕۆناڵد ڕیگن لە داگیرکردنی ساڵی ١٩٨٢ پشتیوانی ئیسرائیلی کرد.بەلام لەناوەڕاستی مانگی ئاب دا فەرمانی بە ئیسرائیل کرد کە بوەستێ لە داگیرکاری چونکە خەریکە زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئامریکا دەگەیەنێت .بۆیە ئەمڕۆش کاتێك ئامریکا فەرمانێك دەکات هەموو جیهان جێبەجێی دەکات.نموونەیەکی ترمان بۆ سەردەمی جۆرج بۆشی کوڕ لەساڵی ٢٠٠٥زدا دەگەڕێتەوە کاتێك ڕێگەی نەدا

تـەكنيكی يـە سـەربازييەكانی ڕەوانـەو وولاّتـی چـين بكـات. ئەمـە لـە كاتێكـدا كـە ئـابووری وولاّتـی ئيسـرائيل بەشێوەيەكی بەهێز پشت بە هەناردەی سـەربازی بالاّ دەبەستێت و چينيش بازاڕێكی گـەورەی سـاغ كردنـەوەی كەلو پەلی ڕووسيابوو، هەرچەند سەرەتا ڕووسيا ويستی گوێ لە داواكەی ئامريكا نەگرێت و ئامانجەكەی خۆی بپێكێت، چونكە پێی وابوو كە ڕووسيا دەوڵـەتێكی خـاوەن بڕيـاری سـەربەخۆيە،بەلاّم ئامريكـا تونـد بـوو لەسـەر ئەوەی ڕێگەی نەدا بەرپرسە بالاّكانی ئيسرائيل سەردانی وولايەتە يەككگرتووەكانی ئامريكا بكەن.وە لەسـەرووی ئەمانەشەوە بە ڕەسمی ئيسرائيل داوای لێبوردن لە ئامريكا بكات و ئەمەش بە ياسا قەدەغە بكـات. جگـە لەمانـە هـيچ بژاردەيـەكی تـری بـۆ وولاّتێكـی زلهێـزی وەك ڕووسـيا نەهێشـتەوە. ئـەم نموونانـە لـە دەرئـەنجامی ئـەو لێدوانانـەی بەرپرسـانی ئامريكـاوە دەمـەوێت بـە بەرپرسـانی ئـەمڕۆی كـورد بڵـێن: كـە كاتێـك سياسـيەكانی ئـەو وولاّتە دۆخی ئەمڕۆی كوردستان لە دوورو نزيك دەخوێننەوە دركيان بـەو ڕاسـتی يـە كـردووە تايبـەت باشـووری كوردستان كە هێشتا نەگەشتۆتە ئاستی بەرپرسياريەتی تەواو بۆ سەربەخۆی لە دەست ئەو ساسيەتە تاڕادەيەك پەرش و بلاّوەی كە سياسەتمەدارانی كورد كاری پێ دەكەن،

هەروەك چۆن لـە قۆنـاغی سـايكس بيكـۆی ١٩١٦ز دا كـورد نـە خـاوەنی لۆبيـەكی بـەهێزی هاوشـێوەی گـەلی عـەرەب بـووە، كـە خۆيـان لـەو هێـزە سياسـيە دەبينـی يـەوە كـە هاوكـاری ئينگليزيـان پێكـردووە لـە جـەنگی دژی عوسمانيەكان. وە نە خاوەنداريێتی كەسايەتی ناوی لێ بنێين كارێزماتيكی وەك شەريف حوسێن بن عەلی بووە. خۆ ئەگەر لێرەدا ئێمە بنەما دينی يەكە بكەينـە بيـانووی هاوكـاری گـەلی كـورد بـۆ دەوڵـەتی عوسمانيـەكان ئـەوا ئەگەر سەيری شەريف حوسێن بكەين كاتێك ئيعلانی دەوڵەتی بۆ خۆی كرد بـە بيـانووی كـە يەكێكـە لەنـەوەكانی محمـد(د.خ) پێغەمبـەری ئيسـلام وبـە تـەواوەتی جـەنگی دەروونـی و بيروبـاوەری ئـاينی دژی سـولتان محمـەدی پێنجـەمی عوسمانيـەكانی ڕاگەيانـد، كـە خـۆی وەك نـەوەی ميراتگـری ئيسـلام نيشـان دا نـەك عوسمانيـەكان كـە بنەمای دەوڵەتەكەيان ئەم ڕاگەياندنە دينی يە بوو كە هۆكارێك بووە لـەو هۆكارانـەی كـە گـەلی كـورد بـە درێـژايی مێـژووە هاوسـنورەكەی پاڵپشـتی عوسمانيـەكان بـوون زيـاتر نـەك هێـزە بيانيـەكانی ناوچـەكە.تايبـەت كاتێـك كـە بزووتنـەوەی( توركـە لاوەكـان)ی نـاو دەوڵـەتی عوسمـانی سـاڵی ١٩٠٨ز دا پڕوپاگەنـدەی ئـەوەيان دەكـرد كـە پێويستە هەموو ئاينەكان حسابيان بۆ بكرێت، كە ئەمە جێگەی دڵخۆشی شـەريف حوسـێن نـەبوو كـە بـەردەوام تورلاوەكـان پـەلاماری عەرەبـەكانی سـوريايان دەدا ، وە ئامـانجی مـەليك حوسـێن دامەزرانـدنی دەولـەتێكی سەربەخۆی يەكپارچەی عەرەبی بوو كە درێژ بێتەوە لە حەلـەب تـا عـەدەن كـە بنەماكـەی لەسـەرTraditionally كۆن بێت، لەگەڵ كلتوری خـەڵكی عـەرەبی و لـە هـەمان كاتـدا هـەڵگری بنەماكانی ئاينی ئيسلام بێتـو پاراسـتنی هەموو ئاين و كەمينە نەتەوايەتيەكانی تر لە ئەستۆ بگرێت.

خاڵيكی تـر چـۆن لـە ڕابـردوودا چـەند ڕيكەوتنامـەی نێـوان زلهێزەكـان بـە نهێنـی ماوەتـەوە تـا سـاڵانی دوای جەنگ و ئەمڕۆ بۆ ئێمەی توێژەران فايلەكانيان والاّكراوە تايبەت لە دەزگای ناسراوی

British Museum & British Library،National Archive تا ڕاستی ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ نەوەی ئەمڕۆی کورد بخەینە ڕوو، دیارە هۆکارو شاراوەی ئەو فایل ودۆکۆمێنتانە بۆسەردەمی خۆی دوو هۆکاربوون:

یەکەمیان: لەترسی ناڕەزایەتیەکانی دانیشتوانی ناو وولاتەکانی خۆیان کە ژمارەیەکی زۆر سەربازی وولاتەکانیان لە پێناوو بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆیاندا بە کوشت داوە،واتە زیاتر هۆکاری تەماعکاری وخواستی ئیمپریالیزمی جیهانیان بووە نەك بەرگریکردن.کە ئەم خاڵە هەروەك چۆن

(نوام چۆمسکی) سەبارەت بە سیاسەتی ئەمڕۆی ئامریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا پێمان دەڵێت:

کە کاتێکی زۆری لە خوێندنەوەی ئەو دۆکۆمێنتانە بەسەر بردووە کە بە دۆکۆمێنتی نهێنی لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا پۆلێن کراون، کە یەکێکە لە کۆمەڵگا هەرە ئازادەکان. بەلام نهێنی بوونی ئەم دۆکۆمێنتانە لەبەر هۆکاری ئەمنی نیە، بەڵکو ئەوەیە حکوومەتەکەی لە میللەتەکەی بپارێزێت،وە پێی وایە ئەگەر وەهاشی دابنێین کەلەبەر باری ئەمنی ئەو دۆکۆمێنتانە نهێنین،هەرچەندە زۆر نین، بۆیە بڕوای وایە هەرکەسێك پەردە لەسەر ئەم شێوە کارانە لابدات. ئەوە کارێکی ڕاست دەکات،چونکە ئەکارانەی کە حکوومەت جێ بەجێی یان دەکرد ناڕەوان، بۆیە ئاشکرا کردنیان کارێکی ڕاستە، هەرچەند زۆرکات بکەرانی ئەم جۆرە پرۆژانە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوەو باجەکەی دەدەن.

کەواتە سایکس–بیکۆ کەنموونەیەکە لەڕێکەوتنامەیەکی نهێنی وولاتە زلهێزەکانی سەدەی ڕابردووو ئەرکی ئێمەی توێژەرە کەئەمڕۆ ڕومالی سەرجەم دۆکۆمێنت و بەلگە نهێنی یەکانیان بکەین لەسەر پرۆژەی وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کوردستان بە تایبەتی بۆئەوەی بتوانرێت ئاراستی سیاسیەکانی ئەمڕۆی کوردی بە چاوێکی کراوەترەوە پێ بنیاد بنرێت بۆ ئایندەی کوردستانمان لەلایەن سیاسیەکانی نیشتمانەوە.خاڵێکی تری جێکەوتەی ئەم ڕیکەوتنامە ئەگەر ئاوڕ لە سیاسیەتی هەردوو فەرنسی و بریتانی بدەینەوە لەو وولاتانەی کردبوویانە ئینتدابی خۆیان. سیاسەتی فەرنسی هەمیشە مۆدێرنتی پێوە دیاربووە لە وولاتانەی داگیری کردوون، چونکە خاوەنی بنەماکانی شۆرشی فەرنسی بووە ویستویەتی لەناوخۆی ئەو وولاتانە کارێك نەکات کەدژی بنەماکانی شۆرشەکەی بێت،بەلام ئینگلیز وەك لە سەچاوەو دۆکۆمێنتەکانی خۆشیاندا دەردەکەوێت زۆر کەم گوێی لەداواو خواستی هاولاتیانی شوێنە داگیرکراوەکان نەگرتووە بەڵکو چی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کردبێت ئەو کارەی ئەنجام داوە . نموونەشمان هەڵوێستی لەبەرامبەر شۆرش و ڕاپەڕینەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەدا دیارە هەر لە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدولای نەهری تا شێخ محمودو کۆمارەکەی کوردستان...هتد کە ئەمڕۆ ئێمە لە نوسراو بەڵگەنامەکانیاندا دەیانبینین.

کاتێ چەرچل لە دووبارە داڕشتنەوەی نەخشە سیاسیەکەی ساڵی ١٩٢٢ز دا دەڵێت: فلسگین ناکەوێتە ژێر دەستی فرنساوە لێرەوە لاسەنگی هێزە سیاسیەکان بەدیار دەکەوێت. بەبەراوردکاری ئەمڕۆی ئامریکا کە خۆی خاوەنی تاکە هێزە لە ناوچەکەو جیهاندا.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد كەشەریف حوسێن وەك تاكە مەرجەعی عەرەبەكان ڕیزلێگیراوە لەلایەن زانایانی ئاینیشەوە، بەلاّم بۆ گەلی كورد بوونی ئەم سەركردە سیاسیانە هەرچەند بوونیان هەبووبێت،بەلاّم زۆركات لەناوخۆدا بەهۆی جیاوازییە زۆرانەی كە هەمان بووە نەگەشتونەتە ئاستی بوونی لۆبیەكی جیهانی و كۆدەنگ بوونمان تا گاریگەری بەهێز بكات لە سیاسەتی دەرەوەدا.

كۆتا خاڵی توێژینەوەكەمان خستنەڕووی دەرئەنجامی سایكس بیكۆی ١٩١٦ كە بووە بەستنی پەیماننامەی سیڤەری١٩٢٠ز وە پێشتریش بەڵێننامەی بلفۆری١٩١٧ی لەسەر بنیادنرا. كە ئەو ڕێكەوتنامە بوونە هۆكاری دروست بوونی زۆر لە دەوڵەتەنەتەوەییانەی ئەمڕۆ كە بوونیان هەیەوبە دەوڵەتی نەتەوەی Nation Stateناودەبرێن. هەرچەند بەندەكانی٦٢،٦٣،٦٤كە بەیەكەم دەقی یاسایی ماف دا پێدانانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ كورد دادەنرێت، بەلاّو وەك سایكس بیكۆی ١٩١٦ بۆ ئەمڕۆی گەڵی كورد هیچ هێزێكی یاسایی نەماوە كە دووبارە زیندووبكرێنەوەو كاریان پێ بكرێت بەلاّم ئەمڕۆ كورد دەتوانێ ڕۆڵی گرنگ و گەورە ببینێت لە دووبارە داڕشتنەوەی نەخشە سیاسی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و ماف سەربەخۆی بۆ كوردستانی گەورەو گەلەكەی بەرجەستە بكات هەروەك ئەو نەخشەیەی كەلە پرۆژە نوێیەكەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست دا كە دیاریكراوەو باسمان كردووە.

كارەكتەرەكان:

١- نوام چومسكی (Avram Noam Chomsky):

سیاسەتمەداری بەناوبانگی ئامریكایی ٧ی دیسەمبەری ١٩٢٨ز لە فیلادلفیای سەر بە وویلایەتە یەكگرتووەكانی ئامریكادا، لە نێوبنەماڵەیەكی جوولەكە كۆچكردووەكانی ئاست مام ناوەندی ئەو وولاّتە لە دایك بووە. چۆمسكی كە بە (باوكی زمانەكانی گفتوگۆ ) ناسراوە لە جیهاندا،لەم بوارانەدا پسپۆڕە: مێژووو، سیاسیەت ، فەلسەفە،شیكاری زانستە فەلسەفیەكان، زانایی زانستەكان، زانایی پەروەردە و پێگەیاندن، وە زۆر بواری تردا پسپۆڕە. خاوەنی ١٠٠ كتێبی بواری هەمەجۆری نوسینە جگە لە مقالات و شیكاری ڕۆژانەی دۆخە سیاسیەكانی جیهان و ڕاپۆرتی تلفزیۆنی شیكاری واتە فەیلەسوفی ئەم قۆناغەو سەردەمی خۆیەتی.وەرگیراوە لە سەرچاوەی:

Fox ،Margalit(1998)(٠٥،١٢،A Changed Noam Chomsky Simplifies) The New York Times. ISSN ،Retrieved 2016-10-24.Mr ،Chomsky…..is the father of modern linguist and remains the fields most influential practitioner.

ii.. Francois Marie Denis Georges Picot

**٢- جۆرج بیکۆ دبلۆماتکاری فەرەنسی ناوی تەواوی**

که له ٢١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٧٠ له شاری پاریس ی وولآتی فەرەنسا له دایك بووه. جۆرج که دەرچووی کۆلێژی یاسا بووه. له دادگای Appeal of Paris کاری پارێزەری کردووه، دواتر لەساڵی ١٨٩٣بووەته دبلۆماتکاری فەرەنسی ، لەساڵی ١٨٩٦ دەبێته بەڕیوەبەری گشتی له بواری سیاسەتی وولآتەکەیدا دواتر ڕەوانەی کۆبنهاگن دەکرێت به کاری سیاسی پێش ئەوەی ببێته قەنسولی گشتی فەرەنسا له سوریا بەر له دەست پێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم.له ماوەی جەنگە جیهانیەکەدا ڕوو له قاهیره دەکات لەپێناو پارستنی بەرژەوەندیەکانیان له لوبنان دا. وه لەساڵی ١٩١٥ دەبێته بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی فەرەنسا، وه سیستەمی ئینتدابی فەرەنسی بەسەرناوچەکانی سوریاو لوبنان دا سەپاند لەڕێگەی ڕیکەوتنامەی سایکس بیکۆ کەلە تشرینی دووەمی ١٩١٥بۆمارسی١٩١٦تا لەبەرواری ١٦ مایسی ١٩١٦دا به تەواوەتی گەڵآڵەی ڕێکەوتنانەکەیان مۆرکرد. که مەبەست لێی دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵآتی عوسمانی و وولآتی میسۆپۆتامیا بوو.

وەرگیراوه له:


After 100 years ،the mess we made of the Middle East coming full circle. Published by The Spectatorهەروەها

Britain and France conclude Sykes-Picot agreement. Published by History.com


**Sir Mark Sykes . -٣**

مارك سایکس لەدایك بووی ١٦ ئازاری ١٨٧٩ لەشاری لندن ی پایتەختی بریتانیا . بیکۆت که به ئەندازیاری دابەشکردنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دادەنرێت له مێژووی جیهاندا، له ماوەی نێوان ساڵآنی جەنگی یەکەمی جیهانی دبلۆماتکاری بریتانیا بووه. لەسا ڵآنی ١٨٩٩-١٩٠٢ بەشداری شەڕی بور کردوه له باشوری ئەفریقادا. له ساڵآنی ١٩٠٤-١٩٠٥ سکرتێری تایبەتی (جۆرج ویندهام) بووه که ئەوکات جۆرج سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بووه له ئیرلەندا .بیکۆت له ساڵآنی دواتردا دەبێته سەفیری وولًتی بریتانیا له بەشی تورکیای شرقی دا بۆ ماوەی دووساڵ له ماوەدا که وەك بیکۆت له یادداشتەکانی خۆیدا ئاماژەی پیً دەکات لێکۆلینەوەی تەواوی لەسەر ناوچەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی کردووه. تایبەت دوای ساڵآنی ١٩٠٠ که لێکۆلینەوەی تەواوی لەسەر خەلیفەی عوسمانیەکان و سیاسەتیان کردووه. وەرگیراوه له : Sir Mark Sykes، encyclopaedia Britannicaیان

-Oxford 2002 ،Oxford Dictionary of National Biograpghy. Sir Markes Sykes bart




The Middle East by per (Sykes- Picot) Agreements




Areas of Palestine per the Agreements





Prince Faisal and his party (including T E Lawrence) at

1919 ،Versailles



The Sykes-Picot agreement ،1916. Paolo Porsia ،CC BY-SAThe six-month Siege of Kut-al-Amara led to eventual surrender in April 1916. Photograph: National Army Museum/PAThe six-month Siege of Kut-al-Amara led to eventual surrender in April 1916. Photograph: National Army Museum/PAThe six-month Siege of Kut-al-Amara led to eventual surrender in April 1916. Photograph: National Army Museum/PASigning of the peace treaty in January 1918 ،at Brest-Litvosk.

Photograph: Bettmann/Corbis




ИЗВЕСТИЯ

Правительство похоронило газовую биржу

Recent issue of the Izvestia newspaper
Founded  in 13 March 1917; 99 years ago
Daily newspaper
Language Russian




The front page of Pravda on June 23 ،1941 ،including a printed radio speech by Molotov

Thrice weekly newspaper


Founded in May 5 ،1912

Language Russian




AGREEMENT

FRANCE, RUSSIA, GREAT BRITAIN AND ITALY.



THE
TREATY OF PEACE
THE ALLIED AND ASSOCIATED POWERS
GERMANY,
The Protocol annexed thereto, the Agreement respecting the military occupation of the territories of the Rhine,
TREATY
FRANCE AND GREAT BRITAIN
Assistance to France in the event of unprovoked aggression by Germany.
Signed at Versailles, June 28th, 1919.



via wikimedia ،the Armed Forces Journal




Map created by Ralph Peters and originally published in



## لیستی سەرچاوەكان:


1. The Iranian History Article: Iran/Ottomans sign Erzurum Treaty. At www.Founman.com. Also, Treaty of Zuhab, World Heritage Encyclopedia/by: somel , Selcuk Aksin, History Dictionary of the Ottoman Empire, Scarecrow press Inc. 2003. www.Gutenberg.us

2. Roberts Andrew: Bucharest treaty of in Agosto, Gabor, Master degree, Burse, Encyclopaedia of the Ottoman Empire. Facts on File.2008.

3. Aleksander Świętochowski, Tadeusz, Eastern Europe, Russia and Central Asia, 2003, Taylor and Francis, 2003. ISBN 1857431375. Also, Fisher, William Bayne: Avery ,P;Hambly ,G,R,G Melville, C, 1991, The Cambridge History of Iran, Cambridge; Cambridge University Press.

4. Kara bell, Zachary: Erzurum Treaty of (1823), Encyclopaedia of the modern Middle East and North Africa, 2004, www.Encyclopidia.com. Also, Taylor & Francis, Ltd : The Treaty of Erzurum (1823 and 1848) and the changing status of Iranians in the Ottoman Empire, Burse, Master Degree, Iranian studies, 1991.

5. Www.Al-akhbar.com, July, 2013, Saturday, No 2029, Interview with Chomsky.

6. Www.avalo.law.yale.edu Primary Documents; Franco-Russian Military Convention, Documentary in Law, History and Diplomacy 18 August 1892.

7. Great Britain, parliamentary papers, London, 1908, V0lCXXV, Cmd.3750.

8. Great Britain, Parliamentary Papers, London, 1920, LI Cmd.671, Miscellaneous No.7,2-7. Www.firstworldwar.com a multimedia history of world war one.

9. Fromkin, David, A peace to end all peace; the fall of Ottoman Empire and the Creation of the modern Middle East. New York, 1989.

10. Peter Mansfield, British Empire Magazine, Time-Life Books, No70, P, 2078.

11. Www.Law.fsu.edu Library /collection/ Limitsinseas/pdf. Also, Peter Mansfield, The British Empire Magazine, No 75, Time Life Book, 1973.

12. Text of the Sykes-picot Agreement at the ww1 Document Archive, Ww1.lib.bu.edu/index .phs / Sykes- picot- Agreement.

13. CAB 24/271 Cabinet Paper 203 (37).

14. Foreign Relations of the United States, 1918. Supplement1, The world war, volume1, part Z, the continuation and conclusion of the war Participation of the United states.

15. Allen by and British strategy in the Middle East, 1917-1919. Also Matthew Hughes, Taylor and Francis ,1999, Www.books.google.com/books.

16. UK National Archives CAB/24/143, Eastern Report, NoXV111, May31, 1917.

17. CAB 24/27, Cabinet paper 203(37).

18. paragraph 1 of the Sykes-Picot Agreement.

19. Isaiah Friedman, Palestine, a Twice-promised Land? The British, The Arabs & Zionism, 1915-1920,Transaction Publishers, 2000.

20. Foreign Relations of the Unite States, 1918, Supplement1, The world war volume1, Part1: the continuation and conclusion of the war- participation of the united states.

21. See document 242,Memorandum by Mr. Balfour (Paris) respecting ,Syria ,Palestine, and Mesopotamia, 11Auhust 1919,in EL Woodward and Rohan Butler , document on British Foreign Policy,1919-1939.Londdon. at http://www.yorku.ca/dwileman/2930Balfor.htm.

22. New Statesman Interview- jack Straw, Www.newstatment.com.

23. Www.law.fsu.edu /library/collection/Limits in Seas, pdf.

24. Allenby and General Strategy in the middle East ,1917-1919,By, Matthew Hughes, Taylor & Francis,1999.

25. Jordan: Living in the Crossfire, Alan George, Zed Books,2005, at Www.books,google.com.

26. Timothy J, Britain, the Hashemite's and Arab Rule 1920-1925, Paris, Routledge, 2003.

27. Elihu lauterpacht: For example international law, papers of Hersch Lauterpacht, CUP Archive, 1970. Www.books.google.com.

28. Report of a committee set UP To Consider Certain Correspondence Between Sir Henry McMahon and The Sharif of Mecca, http://archive.law.fsu.edu/library/collection/LimitsinSeas/IBS094.pdf .

29. Doreen Ingram's: cited in Palestine Papers 1917-1922. From the UK Archive File PRO CAB27/24.

30.Light on Britains Palestine Promise; The Times, April,17,1964.

31. Elie Kedourie: Promises on Palestine(letter), The Times, April23,1964,

32.The council of four: minutes of meetings March 20 to May 24,1919, at http://digicoll.library.wisc.edu/cgi-bin/FRUS/FRUS-idx.

33. D. Raic, Martinus, Nijhoff Publishersm2002, P,95.Or From world war1, Decumbence Archive.

34. The Sykes-Picot Agreement 1916, The Avalon Project, Documents in law, History and Diplomacy. Www.worldwar1.com

35. Www.armedforcesjournal.com, June,1,2006, How a better Middle east world look, By: Ralph peters and originally Published in the Armed Forces Journal.

**ABSTCRAT**

Sykes-Picot Agreement of 1916 (the Agreement) is a bilateral agreement entered into between two allied states of the World War I against the Ottoman Empire, which led to the creation of Arab, Turkish and Persian states, and defined their boundaries. In the centre of these newly created states, Kurdistan was partitioned and was distributed among them.

In this research, the researcher reveals and analysis those secrete letters exchanged between the two allied states, namely; British Empire and France upon depending on the primary documents available at the National Archive at Kew.

In nearly one century after this agreement, the Middle East entered a wide scale of revolution called Arab Spring that dramatically skirmished the entire region.

This new phase of the region gives rise to the question whether Kurds can take advantages of this event in order to establish their own independent state.

The question stems from a consideration to the newly formed Western Kurdistan cantons, and the increasingly worrying level of peace and security crises in the Northern Kurdistan.

The aim of the research is to contribute to the literature of the political history of the Middle East through examining how these two allied states were perceiving about the Kurdish nation during the World War I.

Next, to examine whether the Agreement created conflicts between the regional powers like Turkish nationalists and the Ottomans and even Persians in one hand, while the allied two states including Russians in the other hand. Upon the implementation of all the critical analysis to the relevant factors of the research topic, the researcher will focus on the American roles in the region, their new project on creating a new Middle East political structure in light with the role of Kurdish Peshmerga and oil resources of the Kurdistan Regional Government.

Finally, the researcher will recommend the Kurdish leaders and elites on what necessary steps to be taken while going through this historical opportunity.